
# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «لە پێناو کوردستان» نووسینی: «غەفوور مەخمووری» لە توێی (٣٥٢) لاپەڕەدا بە بەرگ و دیزاینێکی ناوازەوە بڵاوکرایەوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا گوڵبژێرێکی ئەو پەیام و وتارانەی دەخاتە بەردیدی خوێنەر، کە لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوەی کوردستانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا پێشکەشی کردوون، لە زۆربەی وتارەکانیشیدا وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان هەوڵی داوە بە شێوەیەکی بابەتییانە ئاریشەی تاکی کورد و خواستەکانی ئەم نەتەوە بەش مەینەتە و پرسی پەڕینەوەی کورد لە پاشکۆیەتی بۆ سەروەری و سەربەخۆیی بخاتەڕوو.


وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە غەفوور مەخمووری بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو کۆبەرهەمە لە قەوارەی کتێبێکدا، هیواداریـن کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.



# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «ئەلبوومێکی هونەری – بەڵگەنامەیی جەژنی کتێب: جەژنی ژیان» بە سەرپەرشتی و نووسینی مومتاز حەیدەری «لە توێی (٢٨٤) لاپەڕەی قەوارە (A٤) بڵاوکرایەوە. لەو بەرهەمەدا کە هیوا عەباس و بۆتان مەعرووف کاری ئامادەکردنیان بۆ ئەنجام داوە، کۆمەڵێك وێنەی ئافرەتان و پیاوانی ناسراوی کورد و نووسین و بابەتی نووسەرانی دیکە لە بوارە جیاکان خراونەتەڕوو، هەروەها رووماڵێکی چڕی کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب کراوە کە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لە ناوەندی رۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین – هۆڵی کۆچەر بیرکار بەڕێوەچوو. هەر لەم بەرهەمەدا کۆی کار و چالاکی و بەرهەمەکانی ممتاز حەیدەری وێنا کراون.

وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە مومتاز حەیدەری و ستافی یاریدەدەریان بۆ بە چاپگەیاندنی ئەو بەرهەمە، هیواداریین کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەردەوام و پڕبەرهەمتر بێت.



# چاپکراوی نوێ

کتێبی (تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم) لە نووسینی ئۆمۆت ئۆزکریملی و وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەد عەلی قاسمی، عەبدولا رەسوڵی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە کە ئەم تیۆرە جۆراوجۆرانە پەیوەندییان بە هێزە مێژووییەکانەوە هەیە، لە هەمان کاتیشدا تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم باسی کێشەگەلێکی بەرفراوانترو ڕەوتگەلێکی بەرفراوانتر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت کۆمەڵناسیی مەعریفە، کاریگەریی ئایدیۆلۆژییەکان، فۆرماسیۆنی کۆمەڵگاکان و بزووتنەوەکان، ڕۆڵی حکومەت، ئاراستەداربوونی مێژووی مۆدێرن و یا نەبوونی ئەم ئاراستەیە دەکەن.

ئۆمۆت ئۆزکریملی لێکۆڵەری تورك، لە نووسینی تاوتوێکردنێکی بەراوردکاری و ڕەخنەگرانەدا سەرکەوتوو بووە، ئەم کتێبە چاوخشاندنێکی گشتگیر، بێ لایەنانە و ڕەخنەگرانە لە بارەی باسە ئاراییەکانی پەویەندیدار بە ناسیۆنالیزمەوە، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو پێویست بۆ قوتابیان، مامۆستایانی ئەم بوارە، هەروەها بۆ کەسانێکە کە هەوڵ دەدەن پەیوەندیی نێوان باسەکانی ناسیۆنالیزم و بابەتە شیکارییەکان، یان بە باش زانینی ژیانی فیکری هاوچەرخ دروست بکەن.

کتێبی (تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانە.. دەستخۆشی لە نووسەر عەبدوڵڵا ڕەسوڵی دەکەین دەکەین، بەو هیوایەی کە ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی فیکری و سوودی بۆ خوێنەران هەبێت.



زاگرۆس فەتاح:



بەرنامەیەکی ورد و گشتگیر بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان و ڕێکخستنەوەی باج و خاڵە سنوورییەکان دانراوە

سەربەست ئامێدی:



یاسای نوێی هەڵبژاردن ناکۆکییە سیاسییەکان چارەسەر ناکات و قووڵتریان دەکاتەوە

د. سیروان ئەحمەد قادر



نیعمەتی ژینگە

سەعید سیسۆ



شنگال هەرێم و بەغدا کوم دکەت

نادر هاشمی:



ترەمپ هەوڵی مانەوە لە دەسەڵاتدا دەدات، ئەگەر هەڵبژاردنەکانیش بدۆڕێنێت





خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی خانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

دڵشاد میرانی:



**بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی و ڕێگرتن لە دابەزینی بەهای دینار، عێراق هیچ ڕێگەیەکی خێراو کاریگەری لە بەردەستدا نییە**



**هەڵەی هەرزەکارانەی نەوجەوانێک چەند خێزان تووشی کێشەی گەورە دەکات**

**بە خۆراک بەرگریی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەهێز بکە**





**شاشەیەک بۆ ئامێری یارییەکان**






ڕێورەسمی پێشکەشکردنی کتێبەکەم (ئەو ساڵەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم

ئاویزان حوسێن:

**ئەگەر خەونێکت هەبێت و هەوڵی بۆ بدەیت هیچ شتێک قورس نییە**






بۆ مێژوو..
مەسعود بارزانی
بۆ مێژوو
مەسعود بارزانی

## کتێبی «بۆ مێژوو»
## لە نووسینی سەرۆک بارزانی
# خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی لە روانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆڕ لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی

■

بۆ گوڵانی نووسیوە

**سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا زنجیرەبەندییەکی مێژوویی بۆ کردووە و، هەموو ئەو هۆکارانەی خستۆتەڕوو کە ئامانجی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-یەوە و هەتا شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی حەفید هەمووی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە**

**لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٠ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی قڕکردن و سووتماکردنی خاکیان دژی خاک و خەڵکی کوردستان پیادە کرد، هەر بۆیە رابەری شۆڕش جەنابی مستەفا بارزانی داوای لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، لەسەر ئەم بارودۆخە هەڵوێست وەربگرێت**

کتێبی «بۆ مێژوو» لە نووسینی سەرۆک مسعود بارزانی، شیکردنەوەیەکی سیاسی و مێژوویی-یە بۆ کێشەی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی و کێشەکانی عێراق لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا هەتا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو فاکتەرانەی بە درێژایی سەدەی رابردوو بە هۆی لکاندنی باشووری کوردستان بە وڵاتێکی دەستکردەوە، پرۆسەی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە و لەو کاتەوەشی کوردستان بە عێراقەوە لکێندراوە، سەروەت و سامانی کوردستان تەخشان و پەخشان کراوەو بۆ کاولکردنی کوردستان بەکارهاتوون، لە سیاقی ئەم مێژووە دوور و درێژەدا، سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا زنجیرەبەندییەکی مێژوویی بۆ کردووە و، هەموو ئەو هۆکارانەی خستۆتەڕوو کە ئامانجی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەر لە شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-یەوە و هەتا شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی حەفید هەمووی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە و، لەمەش زیاتر بۆ یەکەمین جار ئەو بەڵگە مێژووییانەی خستۆتەڕوو سەبارەت بە هەوڵەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بە سەردانی بۆ رووسیای قەیسەری و پاشانیش کۆبوونەوەی لەگەڵ مەندوبی بەریتانی بۆ ئەوەی سەردانی شا جۆرج بکات و پشتیوانی شۆڕشەکەی بکات، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت.

لەدوای دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان و داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، شێخ مەحموودی حەفید لە ناوچەی سلێمانی شانشینی کوردستانی راگەیاند، بەڵام ئەم شانشینە ماوەیەکی کورتی خایاند و لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە رووخێندرا و شێخ مەحموودی حەفیدیش بە دیلی کەوتە دەستی داگیرکاران و پاشان لە ژێر گوشاری جەماوەریدا ناچار بوون، ئازاد بکرێت. سەرۆک بارزانی سەبارەت بەم شانشینەی شێخ مەحموود لە ناوچەی سلێمانی ئاماژەی بەوە کردووە، کە شێخ ئەحمەدی بارزانی پشتیوانیی ئەو شۆڕشەی کردووە و، هێزێکیشی لە دوو قۆڵەوە بە سەرکردایەتیی جەنابی مستەفا بارزانی بۆ پشتیوانیی شێخ مەحموود بردووە، بەڵام پێش گەیشتنی ئەو هێزە، حکومەتی بەریتانیا هێرشی کردبووە سەر حکومەتەکەی شێخ مەحموود، سەبارەت بە هۆکاری دژایەتیی حکومەتی کوردستانیش لەلایەن بەریتانیاوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە ئینگلیزەکان نەوتیان لە کەرکووک دۆزیبۆوە، پێیان باش نەبووە کە کەرکووک ببێتە بەشێك لە حکومەتەکەی شێخ مەحموود.

هەر لەم چوارچێوە مێژووییەدا، سەرۆک بارزانی هەڵوەستەی لەسەر ئەو راپرسییە کردووە کە پێش بوونی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان ئەنجام درابوو، ئەوەی سەبارەت بەم راپرسییە هەتا ئێستا گوتراوە، ئەوەیە کە لەو راپرسییەدا گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەنگی بۆ ئەوە داوە، کوردستانی باشوور بلکێندرێت بە عێراقەوە، بەڵام لە کتێبەکەدا ئەو بەڵگەیە خراوەتەڕوو کە راپرسییەکە تەنیا بۆ ئەوە بووە، ئایا دەتانەوێت ئەم بەشەی کوردستان بەشێك بێت لە دەوڵەتی تورکیا، یان دەوڵەتی عێراق؟ دیارە گەلی کوردستانی باشووریش کە ستەمێکی زۆریان بە دەستی خەلافەتی عوسمانییەوە بینیبوو، پێیان باشتر بوو کە ببنە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق.

«کتێبی بۆ مێژوو» باس لە کۆنگرەی قاهیرە دەکات، چۆن شا فەیسەڵی یەکەمیان هێنا بۆ عێراق و بووە یەکەم شا لە شانشینی عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی پاشایەتی بڕوای بە شەراکەتی کورد و عەرەب نەبوو و، دەیویست کورد هەر پاشکۆ بێت، ئەوا لە ماوەی ساڵانی پاشایەتی هەتا رووخاندنی بە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نەدی.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، پرانسیپی شەراکەتی کورد و عەرەب لە دەستووری کاتیی ١٩٥٨ چەسپێندرا، بەڵام بەداخەوە بڕگەکانی ئەو دەستوورەش پێشێل کران و جێبەجێ نەکران، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا و لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٠ حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی قڕکردن و سووتماکردنی خاکیان دژی خاك و خەڵکی کوردستان پیادە کرد، هەر بۆیە

رابەری شۆڕش جەنابی مستەفا بارزانی داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، لەسەر ئەم بارودۆخە هەڵوێست وەربگرێت.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٠ی شۆڕشی ئەیلوولدا، شۆڕش تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی چەکداری و سیاسی بوو، راستە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ئامانجیان سڕینەوەی خاك و ناسنامەی کوردستان بوو، بەڵام بە هۆی قارەمانی و نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگە کە چەندین جار هێرشەکانی دەشکاندن، بۆیە ناچار دەبوون بێنە سەر مێزی دانوستاندن، هەروەك چۆن دوای داستانی هەندرێن ڕێککەوتنی مایس لە ساڵی ١٩٦٧ ئیمزا کرا، لە دوای کودەتای بەعسییەکانیش لە ساڵی ١٩٦٨، لە ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتنی مێژوویی ئادار ئیمزا کرا، سەرۆك بارزانی ڕێککەوتنی ئادار (لەگەڵ ئەوەی جێبەجێش نەکرا) بەڵام بە دەستکەوتێکی گەورەی مێژووی دەزانێت، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژوودا، یەکێك لەو حکومەتانەی کە کوردستانی پێوە لکێندراوە، بە فەرمی و بە شێوەیەکی یاسایی ددان بەوەدا بنێت، کە گەلی کوردستان خاوەنی ناسنامە و خاکی خۆیەتی، هەروەها ئەگەر ڕێککەوتنی ئادار ئیمزا بکرایە، سەدام حوسێن و حکومەتی بەعس ناچار نەدەبوون لە ساڵی ١٩٧٥ دەست لە بەشێکی فراوانی خاکی عێراق بۆ شای ئێران هەڵبگرن، تەنیا لە پێناوی ئەوەی نسکۆ بە سەر شۆڕشی کوردستاندا بهێنن و، پاشانیش خۆی تووشی شەڕێکی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران کرد.

سەبارەت بە نییەتی حکومەتی بەعس و سەدام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێککەوتنی ئادار، سەرۆك بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە، ڕێککەوتنەکەی ئەوانیش تاکتیکی بوو، لە پێناوی ئەوەدا بوو، جێی پێی خۆیان قایم بکەن، پاش ئەوەی جێ پێی خۆیان قایم کرد، هەر لە ساڵی ١٩٧١ دەستیان بە ئەنجامدانی تاوان دژی کوردە فەیلییەکان کرد و، پاشتریش پیلانێکی تیرۆریستییان بۆ کوشتنی جەنابی بارزانی دارشت، لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١یش حکومەتی بەعس هەرچی کاری نامرۆڤانە و دڕندانەیە لە دژی کورد ئەنجامی دا، هەر لە جینۆساید و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان و ناردنیان بۆ ئێران و پاشانیش جینۆسایدی (٨٠٠٠) بارزانی و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و پاشانیش ئەنجامدانی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال کە تیایدا زیاتر لە (١٨٢) هەزار هاونیشتمانی کۆمەڵکوژ کران، بەڵام سەرەنجام راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هاتە ئاراوە و لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوان و جینۆسایدەی حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن-یش، لێبوردەیی گەلی کوردستانمان بینی، کاتێك ئەو هەموو سەرباز و ئەفسەرەی سوپای عێراق لە راپەڕیندا بە دیلی کەوتنە بەردەستی خەڵکی کوردستان، بەڵام نەك ئازاریان نەدان، بەڵکو وەك میوان مامەڵەیان لەگەڵ کراو بە ڕێزەوە نێردرانەوە لای کەسوکاری خۆیان.

بابەتێکی زێدەگرنگ کە سەرۆك بارزانی وەك سیاسەت و ستراتیژیەتی نەگۆڕی بەرەی کوردستانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەم کتێبەدا ئاماژەی پێ کردووە، ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی راشکاوانە لە هەموو ئەو دیدار و دانوستاندنانەی سەرۆکایەتی کردوون، بە شاندی حکومەتی عێراقی گوتووە: ئێوە بە ئاگر و ئاسن نەتانتوانیوە گەلی کوردستان لەناو بەرن، ئێمەش بە خەباتی چەکداری نەمانتوانیوە حکومەتەکانی ئێوە بڕووخێنین، بۆیە باشترە هەردوولا لەم راستییە تێبگەین و، دەستبەرداری شەڕ ببین و، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

لەسەر ئەم بنەمایە جەنابی سەرۆك بارزانی باسی چوونی خۆی و خوالێخۆشبوو مام جەلال دەکات وەك شاندی کوردستان بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن، لەسەر ئەم هەنگاوەی بۆ دووبارە دانوستاندن لەگەڵ ئەم حکومەت و ئەم شەخسە، سەرۆك بارزانی هەندێك راستیی خستوونەتەڕوو و نووسیویەتی: «بۆ من کە ٣٨ کەسی بنەماڵەکەم و ٨٠٠٠ پیاوی عەشیرەتەکەم و ١٨٢ هەزاری نەتەوەکەم بە دەستی بەعس و سەدام قەتڵوعام کرابوون، کارێکی زۆر قورس بوو کە بچم دەست بخەمە دەستی ئەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی نەتەوەکەم سوور بوو، بەڵام چوومە بەغدا و

**سەرۆک بارزانی ڕێککەوتنی ئادار (لەگەڵ ئەوەی جێبەجێش نەکرا) بەڵام بە دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی دەزانێت، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژوودا، یەکێک لەو حکومەتانەی کە کوردستانی پێوە لکێندراوە، بە فەرمی و بە شێوەیەکی یاسایی ددان بەوەدا بنێت، کە گەلی کوردستان خاوەنی ناسنامە و خاکی خۆیەتی**

**لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوان و جینۆسایدەی حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن-یش، لێبوردەیی گەلی کوردستانمان بینی، کاتێک ئەو هەموو سەرباز و ئەفسەرەی سوپای عێراق لە ڕاپەڕیندا بە دیلی کەوتنە بەردەستی خەڵکی کوردستان، بەڵام نەک ئازاریان نەدان، بەڵکو وەک میوان مامەڵەیان لەگەڵ کراو بە ڕێزەوە نێردرانەوە لای کەسوکاری خۆیان**

**سەرۆک بارزانی راشکاوانە لە هەموو ئەو دیدار و دانوستاندنانەی سەرۆکایەتی کردوون، بە شاندی حکومەتی عێراقی گوتووە: ئێوە بە ئاگر و ئاسن نەتانتوانیوە گەلی کوردستان لەناو بەرن، ئێمەش بە خەباتی چەکداری نەمانتوانیوە حکومەتەکانی ئێوە بڕووخێنین، بۆیە باشترە هەردوولا لەم راستییە تێبگەین و، دەستبەرداری شەڕ ببین و، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکانمان چارەسەر بکەین**

**سەرۆک بارزانی لەم کتێبەدا راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، لە دوای ٢٠١٠ هەستمان بەوە کرد کە حکومەتی بەغدا دەیەوێت بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵبگرێت، هەروەها راشکاوانەش ئەوەمان بە حکومەتی عێراق و شەخسی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق راگەیاند کە ئەم ئاراستەیە عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات**

لەگەڵ ئەو حکومەت و کەسانەش دانیشتم، بۆ ئەوەی نەڵێن کێشەی نەتەوەیەك بە شەخسی کراوە، کە من دڵنیاش بووم، حکومەتی عێراق بە ناچاری و لاوازییەوە دانوستاندنی قبووڵە و هەرگیز ئەو نییەتەم نەدەبینی کە بیانەوێت کێشەی گەلی کوردستان بە ئاشتییانە لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکرێت، سەرەنجامیش هەروا دەرچوو، پاش ئەوەی ئامادە نەبوون، بگەینە رێککەوتن، ئەوە بوو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە کوردستان کشانەوە، بەڵام ئیرادەی گەلی کوردستان توانی لە ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام بدات و، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت و، هەر پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاری فیدراڵی پەسەند کرد.»

سەرۆك بارزانی سەبارەت بە قۆناخی دوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان و بەشداریی شاندی کوردستان لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر عێراقی داهاتوو وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ئاماژەی بەوە کردووە، راستە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدراڵی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ پەسەند کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ و دوای ئەوەی حکومەتی عێراق پاشگەز بووەوە لە جێبەجێکردنی رێککەوتنی ئادار، جەنابی بارزانی هەردوو خوالێخۆشبوو (ئیراهیم ئەحمەد و جەرجیس فەتحولا)ی راسپارد بۆ ئەوەی لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی فیدراڵی ئامادە بکەن، بەڵام قەناعەت پێهێنانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەوەی فیدراڵیەت سیستمێکە بۆ دابەشکردنی داهات و دەسەڵات لە دەوڵەتی فرەپێکهاتەدا، ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵی خایاند و، لە کۆنگرەی لەندەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتنە ئەو رێککەوتنەی کە عێراقی ئایندە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، ئەوە بوو لە ٢٠٠٣ بە هاوبەشیی هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا رژێمی پێشووی عێراق رووخا.

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی چەسپێندرا، هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی دیفاکتۆ کە ئارەزوومەندانە دوای نزیکەی ١٠ ساڵ دابڕان لە حکومەتی ناوەند، بڕیاری دا، ببێتەوە بە بەشێك لە عێراق و بووە بەشێك لەو دەستوورە و لە دیباجەی دەستوورەکەشدا هاتووە کە یەکپارچەیی عێراق بەندە بەجێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە.

لەماوەی ٢٠٠٥ – ٢٠١٠ لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە بەندەکانی ئەو دەستوورە هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵنەگیرا، بەڵام ئەو سیما دەرنەکەوتبوو کە لایەنە شیعەکانی دوێنێی ئۆپۆزسیۆن و ئەمڕۆی دەسەڵات، بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەنگاو هەڵبگرن و کار بەو دەستوورە نەکەن، بۆیە سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، لە دوای ٢٠١٠ هەستمان بەوە کرد کە حکومەتی بەغدا دەیەوێت بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵبگرێت، هەروەها راشکاوانەش ئەوەمان بە حکومەتی عێراق و شەخسی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق راگەیاند کە ئەم ئاراستەیە عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات، هەتا سەرەنجام بووە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و دروستکردنی مەترسی لەسەر شاری مووسڵ، ئەو کاتیش سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاگادار کرایەوە کە مووسڵ مەترسی کەوتنی لەسەرە، لەمەش زیاتر بە حکومەتی عێراق راگەیەندرابوو با هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ دوورخستنەوەی تیرۆریستان، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەمەی بە هەند وەرنەگرت، هەتا لە حوزەیرانی ٢٠١٤ مووسڵ داگیر کرا.

لە سەر قۆناخی شەڕی دژی داعش، سەرۆك بارزانی باس لەوە دەکات، لە سەرەتادا داعش مەبەستی ئەوە بوو، هێرشەکانی بگەیەنێتە بەغدا بۆ ئەمەش هەموو هێرشەکانی لەسەر باشووری بەغدا چڕکردبوو، بەڵام لەپڕ ئاراستەی هێرشەکانیان گۆڕی و هێرشیان کردە سەر کوردستان، سەرۆك بارزانی ئەم ئاراستە گۆڕینەی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بە کارێکی ئاسایی نازانێت و، وای خستۆتەڕوو کە ئامانج لە گۆڕینی ئاراستەی

هێرشەکانی داعش نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە، بە هاندانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئامانجیانە ئەم قەوارەیە نەهێڵن، بەتایبەتی تیرۆریستانی داعش کە ئەو کات چەکی هەردوو دەوڵەتی (سووریا و عێراق)یان کەوتبووە دەست و دەشیانزانی کە حکومەتی عێراق هیچ چەك و هاوکارییەکی بۆ پێشمەرگە نەناردووە و ڕێگەشیان نەداوە کە بە شێوازی دیکە چەك بە پێشمەرگە بفرۆشرێت، بۆیە پێیان وابوو لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن کوردستان داگیر بکەن و قەوارە سیاسییەکەی بسڕنەوە.

لەم شەڕەدا کە خودی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، ڕاستە لە سەرەتا تیرۆریستانی داعش توانییان لە چەند قۆڵێکەوە پێشڕەوی بکەن و، شنگال داگیر بکەن، بەڵام سەرەنجام تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو ئەفسانەیان بەتاڵ کردەوە کە تیرۆریستانی داعش ئەو هێزە نین، لە شکان نەیەن.

سەبارەت بە داگیرکردنی شنگال-یش، سەرۆك بارزانی بۆ مێژوو نووسیویەتی: تیرۆریستانی داعش وەك ئەڵقەیەکی لاواز شنگالیان کردە ئامانج، لەبەر ئەوەی باش دەیانزانی ناوچە عەرەب نشینەکانی دەوروبەری شنگال بوونەتە هاوکاری تیرۆریستانی داعش و، ناوچەی شنگالیان لە دووریی دەیان کیلۆمەتر لە هەرێمی کوردستان دابڕیوە و ئەو هێزەشی کە لە شنگال بوون، هەموویان چەکی سووکیان پێیە و هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ ئەوەی هاوکاری و پشتیوانی دیکەیان پێ بگات، بۆیە هێزی پێشمەرگە بڕیاری دا لە چیای شنگال بەرگری بکات و، لەماوەی داگیرکردنی شنگال هەتا ئازادکردنەوەی چیای شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، هەموو ئەو خێزانانەی لەسەر چیاکە بوون، پارێزران و هەروەها توانرا کە مەزاری شیخ شەرەفەدین-یش کە مەزارێکی پیرۆزی کوردانی ئێزدییە بیپارێزن و نەهێڵن تێرۆریستانی داعش داگیری بکەن.

شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی وەك پاڵەوانی ئەو شەڕە پیشانی جیهان دا و، سەلماندنی کە لە بری هەموو جیهان لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئەمەش دەرگایەکی واڵای هاوسۆزیی نێودەوڵەتی و هاوسۆزیی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعشی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا کردەوە، هەروەها حکومەتی عێراقیش ناچار بوو بۆ ئازادکردنەوەی مووسڵ بە ناوبژیوانیی و چاودێریی ئەمریکا ڕێککەوتن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئیمزا بکات و، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەروازەکانی شاری مووسڵ لە باکوورەوە بۆ هێزەکانی عێراق بکاتەوە و کلیلی ئازادکردنی مووسڵیان بداتێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا سەرۆك بارزانی باس لەوە دەکات کە لە ماوەی شەڕی دژی داعش و هاتنی نزیکەی (١,٦) ملیۆن ئاوارەی عێراقی و سووری بۆ هەرێمی کوردستان و، بەردەوامبوونی حکومەتی عێراق لە سیاسەتی بڕینی بودجە و هاوکارینەکردنی هێزی پێشمەرگە و هەروەها ئامادەنەبوونی بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوکاریی ئەو ئاوارە عێراقییانە بکات کە بە ناچاری ڕوویان لە کوردستان کردبوو، گەیشتبووینە ئەو قەناعەتەی ناتوانین لەگەڵ حکومەتی عێراق بگەینە ڕێککەوتن و دەبێت بۆ ڕێگەچارەیەکی دیکە بگەڕێین و پەیوەندییەکانمان بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێك بخەینەوە، لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك باس لەوە دەکات، جیا لەوەی چەندین جار ئەم پرسەمان لەگەڵ حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق باس کردبوو، لە هەمانکاتدا ئەم باسەمان لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و بەرپرسانی ئەمریکی لە عێراق باس کردبوو، بەڵام لە ئایاری ٢٠١٥ بڕیار بوو سەردانی ئەمریکا بکەم و، لە کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ئیدارەکەی کۆببمەوە، پێشتر کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ هەموو حزبەکانی کوردستان لە سەرۆکایەتیی هەرێم گرێ دا و، باسی ئەوەمان کرد، ئایا ڕای ئەوان چییە کە پرسی سەربەخۆیی کوردستان ڕاشکاوانە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ئیدارەی ئەمریکی باس بکەین؟ لە وەڵامدا هەموو حزبە سیاسییەکان ڕەزامەندییان پیشان دا، پاشانیش سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی

**سەرۆک بارزانی ئەم ئاراستە گۆڕینەی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بە کارێکی ئاسایی نازانێت و، وای خستۆتەڕوو کە ئامانج لە گۆڕینی ئاراستەی هێرشەکانی داعش نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە، بە هاندانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئامانجیانە ئەم قەوارەیە نەهێڵن**

**نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نامەیەکی فەرمی نەبوو، بەڵکو ڕەشنووسی نامەیەک بوو کە برێت مەکگۆرگ، نوێنەری تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش (کە دواتر لە تویتێکدا سەرۆک ترەمپ ئاماژەی بەوە دابوو کە نایناسێت) و دۆگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و چەند کەسێکی دیکە ئامادەیان کردبوو، دیاریش نەبوو کە ئایا نامەکە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئیمزا دەکرێت، یان نا**



**دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرۆک ئۆباما و ئیدارەکەی، بە رادەیەک سەرکەوتوو بوو، کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکان جوزیف بایدن کە ئەوکات جێگری سەرۆک بوو (ئێستاش کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەمریکا) بە سەرۆک بارزانی راگەیاندبوو «لە تەمەنی خۆت و مندا، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبینین»**

**دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بە دوو رۆژ واتە لە ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٧، پەرلەمانی عێراق هەڵوێستێکی زۆر دوژمنکارانە و شۆڤێنیستانەی لە دژی هەرێمی کوردستان گرتەبەر و بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی کوردستان تەنیا لە یەک رۆژدا (١٣)بڕیاریان لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد**

پیشانی بدات کە پرسی چارەسەری کێشەکانی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان، پرسێکی شەخسی نییە، لە نێو ئەو شاندەی چوون بۆ ئەمریکا بەڕێزان (قوباد تاڵەبانی، دەرباز کۆسرەت رەسوڵ و مستەفا سەید قادر) ی دانابوو، بۆ ئەوەی ئەوان هەم وەك لایەنی سیاسیی سەرەکی لە کوردستان و بەشدار لە حکومەت و هەمیش وەك شاهید ئامادە بن کە بە چ شێوازێك ئەم پرسە گرنگە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و ئێدارەکەی باس دەکرێت.

دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ئیدارەکەی، بە رادەیەك سەرکەوتوو بوو، کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکان جوزیف بایدن کە ئەوکات جێگری سەرۆك بوو (ئێستاش کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەمریکا) بە سەرۆك بارزانی راگەیاندبوو «لە تەمەنی خۆت و مندا، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبینین».

سەرۆك دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا جارێکی دیکە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان گرێ دا و، تەواوی ئاکامی سەردانەکەی بۆ باس کردبوون، وەك

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێڕای ئەو شکستە گەورەیەی بە هۆی خیانەتی ناوخۆیی بەسەریدا داهات، بەڵام لە رۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر و لە داستانی پردێ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەبابەی ئابرامزی ئەمریکی تێکشکاند، ئەو چەکە ئەمریکییانە درابوونە حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی شەڕی دژی داعشی پێ بکات، بەڵام بەداخەوە بە بەرچاوی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانانەوە ئەم چەکە پێشکەوتووانەیان دژی هێزی پێشمەرگە بەکارهێنا و ئەوانیش بێدەنگ بوون**



رووداوێکی مێژوویی ئاماژەی بەوە کردووە کە عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پێی گوتووە: «دیارە بەدەستی پڕەوە گەڕاونەتەوە و.. ئایا دەتوانیت شان بدەیتە بەر ئەم ئەرکە؟» لە وەڵامدا سەرۆک بارزانی پێی گوتووە: «بەڵێ مامۆستا بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و مێژووییە و ئامادەم هەڵیبگرم، بە مەرجێك لە ناوخۆ تێکی نەدەن.»

ئەم هۆشداری و پێشبینییەی سەرۆك لە جێی خۆیدا بوو، چونکە هەر یەك دوو هەفتەی پێ نەچوو، بینیمان حزبەکان لە بری ئەوەی خەریکی بەرەوپێشەوەبردنی پرسی سەربەخۆیی بن، کەچی هەندێکیان لە پەرلەمان لە هەوڵی پیلانگێڕان بوون بۆ کودەتای ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ و قەیرانی دواتریشی لێ کەوتەوە.

سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا ئاماژە بە ماوەی گەڕانەوەی لە ئەمریکا لە ٢٠١٥ و بڕیاردانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە تەموزی ٢٠١٧ دەکات و، لەم ماوەیەدا واتە لە ساڵی ٢٠١٦ سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدا دەکات و هەوڵەکانی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (حەیدەر عەبادی) و هێزە سەرەکییەکانی شیعە دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی رێگەچارەیەك بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا

**هێرشی هێزەکانی عێراق و حەشد بە هاوکاریی هێزی بیانی بۆ سەر کوردستان، ئامانج لێی ئەوە بوو کە ناوەرۆکی بڕیاری ریفراندۆم بەتاڵ بکەنەوە، بەڵام بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە پێچەوانەکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە روون و ئاشکرا بوو، بۆ جیهانیشی سەلماند، کەوا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئەوانە چۆک دانادات کە دژی خواستی رەوای گەلی کوردستانن و دەیانەوێت بە زەبری هێز پاشکۆیەتی بەسەر گەلی کوردستاندا بسەپێنن**

**سەرۆک بارزانی بۆ مێژوو ئاماژە بە دوارۆژی عێراق دەکات و، وای دەیخوێنێتەوە کە عێراق لەسەر سیاسەتی نکۆڵی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت و، هیچ گۆڕانکارییەک بە سەر عەقڵییەتی حوکمڕانانی بەغدا نایەت و، هیچ وانە و پەندێکیان لە بڕیاری ڕیفراندۆم وەرنەگرتووە، ئاکامی کۆتاییشی ئەوەیە پێکەوەژیان لە عێراقدا لە جۆرە مەحاڵێک دەچێت**

**ئەم کتێبەی سەرۆک بارزانی لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە چوارچێوەیەکە بۆ دروستکردن و پاراستنی قەوارەیەکی سیاسی کە بەرژەوەندییە باڵا و زیندووەکانی نەتەوەی تێدا پارێزراو بێت و، جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەوایەتی بۆ ئەوەی نەتەوە بە ئامانجە نیشتمانییەکەی خۆی بگات**

لەسەر بنەمای شەراکەت بدۆزرێتەوە و، لەوە تێبگات بەوەی ئایا حکومەتی عێراق و هێزە سیاسییەکانی شیعە بڕوایان بە شەراکەتی کوردستان و بەغدا هەیە، یان هەر دەیانەوێت کوردستان پاشکۆی بەغدا بێت؟ لەسەر ئەم پرسەش سەرۆك بارزانی راشکاوانە بە هەموو لایەنێکی عێراقیی راگەیاندبوو، ئەگەر ناتوانین پێکەوە شەریك بین لەم نیشتمانە، ئەوا یان دەبێت شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەین، یان دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە ببینە دوو دراوسێ و بە ئاشتی پێکەوە بژین، لە سەرەتا هەندێك لە سەرکردەی هێزە شیعیەکان پرسی شەڕکردنیان نەك هەر رەت کردبووەوە، بەڵکو هەر بە (کوفر) یشیان دانابوو، سەرۆك لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە وەڵامێکی هادی عامری لەم پرسەدا دەکات و دەڵێت، بە ئایەتێکی قورئان وەڵامی دامەوە و گوتی: (فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بڕیاریان نەدابوو کێشەکانیش بە ئاشتی چارەسەر بکرێت.

لە کۆتایی ٢٠١٦ و دوای ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە چاودێریی ئەمریکا، سەرۆك بارزانی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ لە باشیکەوە کۆتاییهاتنی شەڕی داعشی لە بەرەی کوردستانەوە راگەیاند، ئیدی لە دوای ئەم بەروارە کاتی ئەوە هاتبوو کە پرسی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەلایەکدا بخرێت، بۆیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ لە دەستی تیرۆریستانی داعش، لە تەموزی ٢٠١٧ سەرۆك بارزانی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان کۆبووەوە و، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان بانگ کرابوو، ئەم کۆبوونەوەیەش لەبەر ئەوە بوو، ئەگەر هەموو رێگەکان لەگەڵ بەغدا داخرابن، دەبێ بزانرێت گەلی کوردستان چ بڕیارێك دەدات. لەم کۆبوونەوەیەدا، بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت، گەلی کوردستان خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژەکەی، ئەم پرسیارە ئاراستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکەن و لە وەڵامدا ئەوان دەڵێن، ئێمە لە ٢٠-٣٠ ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین، حزبەکانیش بڕیار لە سەر ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەدەن.

لە ماوەی نزیکەی ئەو ٨٠ رۆژەی نێوان دەرکردنی بڕیارەکە و ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، ماوەیەکی زۆر بوو بۆ ئەوەی دەوڵەتانی عێراق و ئیقلیمی و جیهانیش رای خۆیان بە راشکاوی بڵێن، بەڵام لە سەرەتا هەموو وایان پیشان دا، کە ئەم پرسە تەنیا وەك کارتێك بەکار دەهێندرێت و ریفراندۆم ئەنجام نادرێت، بەڵام کاتێك کە تەنیا ١٠ رۆژی مابوو، پرۆسەکە ئەنجام بدرێت و، زانییان پرسەکە جددییە، هەموو گوشارەکان چڕکرانەوە و دژایەتی بۆ ریفراندۆم دەستی پێ کرد و، هاوپەیمانانیش (بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا) جەختیان دەکردەوە کە ئەم پرۆسەیە ئەنجام نەدرێت و دوا بخرێت.

سەبارەت بەم گوشارانە سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە کۆبوونەوەی سحێلا لەگەڵ برێت ماکگۆرك نێردەی تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش و یانگۆڤیچ نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و، دوگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و فرانك بەیکەر باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا دەکات، سەرۆك بارزانی باس لەوە دەکات، لەم کۆبوونەوەیە پێمگوتن باشە بەدیلی ئێوە، یان گەرەنتیی ئێوە بۆ دواخستنی ریفراندۆم چییە؟ ئایا بەدیلێکی باشترتان هەیە کە بتوانین گەلی کوردستان بگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە دەستبەرداری ریفراندۆم بێت؟

لەسەر ئەم پرسە سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا باس لە بابەتێك دەکات کە لە رۆژانی پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆم جێگەی مشتومڕێکی زۆری میدیا و ناوەندە سیاسییەکان بووە، ئەویش نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو بۆ سەرۆك بارزانی، لەو نامەیەدا کۆمەڵێك پێشنیار خرابوونەڕوو لەبەرانبەر ئەنجامنەدانی ریفراندۆم، بەڵام نامەکە، نامەیەکی فەرمی نەبوو، بەڵکو رەشنووسی نامەیەك بوو کە برێت مەککگۆرگ، نوێنەری تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش (کە دواتر لە تویتێکدا سەرۆك ترەمپ ئاماژەی بەوە دابوو کە

نایناسێت) و دۆگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و چەند کەسێکی دیکە ئامادەیان کردبوو، دیاریش نەبوو کە ئایا نامەکە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئیمزا دەکرێت، یان نا، ئەم پێشنیارانەش لە چەند رۆژێك بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم خرابوونەڕوو، ئەو کاتیش ئەنجامدانی ریفراندۆم لەدەست کەس و لایەنە سیاسییەکان نەمابوو، واتە کەوتبووە دەستی خەڵکی کوردستانەوە.

سەبارەت بە رەشنووسی نامەکەی تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا کە دەکرا، ئەو نامەیە ببێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی گەرەنتییەکی وای هەبێت، کە خەڵکی کوردستان رازی بن دەستبەرداری ریفراندۆم بن، بۆیە لەو شوێنەی کە باسی ئەوە دەکرا، ریفراندۆم دوو ساڵ دوا بخرێ و، ئەگەر هاتوو دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق سەری نەگرت، ئەوکات با خەڵکی هەرێم ریفراندۆمی خۆی بکات، ئەمریکاش رێز لە ئەنجامەکانی دەگرێت، سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: «داوام لە حکومەتی ئەمریکا کرد کە لە بری وشەی (رێزگرتن) لە نامەکە، وشەی (پاڵپشتی ) دابنرێت، بەڵام ئەمریکییەکان گوتیان ناتوانن وشەی پاڵپشتی بەکار بهێنن، بۆیە منیش پێمگوتن: ئەگەر ئێوە نەتوانن، یەك وشە بگۆڕن، ئەی چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکەن، ئێمە بتوانین قەناعەت بە خەڵکی کوردستان بکەین و ریفراندۆم نەکەین؟»

لەدوای کۆبوونەوەکەی سحێلا کە سەرۆك بارزانی بە بڕوابوونی بە مافی گەلی کوردستان وەك هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکە لەم جیهانە بۆ ئەوەی بە شێوەی ئازاد و دیموکراتییانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ئەوە بوو بەرەبەیانی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ تەواوی خەڵکی باشووری کوردستان بە هاووڵاتیانی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە روویان کردە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە رێژەی ٩٢,٧٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، لەمەش گرنگتر تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەنگیان دا بۆ ئەوەی لەگەڵ براکانیان لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بژین.

دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بە دوو رۆژ واتە لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٧، پەرلەمانی عێراق هەڵوێستێکی زۆر دوژمنکارانە و شۆڤێنیستانەی لە دژی هەرێمی کوردستان گرتەبەر و بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی کوردستان تەنیا لە یەك رۆژدا (١٣)بڕیاریان لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، ئامانج لەم بڕیارانە بۆ دوو مەبەست بوو:

١. سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان.

٢. والاکردنی دەستی سەرۆك وەزیران کە ئەو کات حەیدەر عەبادی بوو، بۆ ئەوەی هێز و چەك لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت، بەتایبەتیش بڵاوەپێکردنی هێز لە کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە.

دەربارەی ئەم ١٣ بڕیارەی پەرلەمانی عێراق دژی هەرێمی کوردستان تەنیا لەیەك دانیشتنی پەرلەمانی و بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردستان، سەرۆك بارزانی بۆ مێژوو ئاماژەی پێ کردووە و نووسیویەتی: «بڕیارەکان نەفەسی شۆڤێنییەتی بەسەردا زاڵ بوو. دوای دەیان ساڵ، عەقڵییەت و بیرکردنەوەی شۆڤێنی لە بەغدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. باش دەمزانی لە بەغدا تەنیا دەموچاوەکان گۆڕاون، ئەگینا بەردەوام عەقڵییەتی شۆڤێنی لە بەغدا دەسەڵاتدارە و بڕوای بە شەراکەت و دەنگی رەوا و دادپەروەریی نییە».

ئەم بڕیارانەی پەرلەمانی عێراق زەمینەی هێرشی حەشد و هێزەکانی عێراقی بۆ سەر کەرکووك خۆش کرد، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو، ئەو خاڵەیە کە سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتای پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانەوە لێی دەترسا، ئەویش ئەوە بوو کە راشکاوانە دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا لە ئایاری ٢٠١٥ ئاماژەی پێ کردبوو: «دەتوانم ئەم بەرپرسیاریەتییە مێژووییە هەڵبگرم، ئەگەر لەناوخۆ تێکی نەدەن...»، لە یەك دوو رۆژی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و پاشانیش لە دوای کۆبوونەوەکەی دووکان لە ١٥ی ئۆکتۆبەر، سەرداوی ئەو پیلانە دەرکەوت کە دەستێکی ناوخۆ دەیەوێت کەرکووك تەسلیمی هێزەکانی حەشد و سوپای عێراق بکات، بەمەش جیا لەوەی کەرکووك تەسلیمی ئەو هێزانە کرا،

**بەپێی ئەدەبیاتی ئاسایشی نیشتمانی، ریفراندۆم بڕیارێکی چارەنووسساز بووە، هەروەها لە بواری پراکتیکەکردنی سیاسەتیش بۆ خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوا دەکرێت دوو لایەنی دیکە بۆ بەرجەستەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکەین، کە یەکەمیان لایەنی ناوخۆییە و پەیوەستە بە ژیانی ناوخۆیی هەر قەوارە، یان کیانێک، واتە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ مژارێکی چارەنووسساز، چۆنیەتی بەرگریکردن لە پاراستنی ئەو بڕیارە و پاشانیش ئاسایشی ئەو هەرێمە**

**ئەگەر دووبارە هەڵوەستەیەک لە سەر ریفراندۆم بکەینەوە، ئەوا ئەم پرسە یەکێکە لە پرسەکانی پەیوەست بە لوتکەی ئاسایش و ستراتیژی و هاوکێشەکانی ئاسایشی نەتەوە، لەناو پرۆسەی ریفراندۆمیشدا کۆی هاوکێشەکان پەیوەندییەکی دیالێکتیکیی قووڵیان لەناو کایەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان پێکەوە هەیە، بۆ ئەوەی نەتەوە بە ئامانجە نیشتمانییەکانی بگات**

**کاتێک ریفراندۆم وەک لوتکەی سیاسی و ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوە و گرنگترین پرس دەخەینەڕوو، لەبەر ئەوەیە خواست و بڕیاری چارەنووسی گەلی کوردستانی بە جیهان ناساند و گەیاند، هەروەها هەم مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان بوو لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، هەمیش ڕەوایەتیی دەستووریشی هەبوو کە لە سەر بنەمای شەراکەت لە عێراقدا هاتبوو**

**ئەم کتێبە بەبەهاییەی سەرۆک بارزانی، جیا لەوەی وانە و پەندی مێژووییە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو و نووسینی رێبەرێکە کە وەک پێشمەرگەیەک لە تۆمارکردنی ئەم مێژووەدا بەشداری هەبووە، لە هەمانکاتدا چەندین بەڵگە و پاشکۆی لە خۆی گرتووە، لەوانە دیراسەتێکی ئەکادیمی بە ناونیشانی (ڕەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان)**

هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە سەنگەرەکانی پێشەوە هاتنە دواوە، بۆ ئەوەی بەرگری لە هێرشی حەشد بۆ هەولێر و دهۆك و زاخۆ بکەن، سەرۆك بارزانی بۆ مێژوو نووسیویەتی: « لە رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەر باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا دۆگلاس سلێمان پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبوو بەو دەقە کە «دنیا گۆڕاوە و ئەمڕۆ دوێنێ نییە، پێوستە بە خۆتاندا بچنەوە».

ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەیری رۆژانی ١٦-٢٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بکەین، ئەوا دەبینین، ئەگەر خیانەتی ناوخۆ نەبوایە، زۆر بە ئاسانی دەکرا بەرگری لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بکرێت و، بارودۆخی کوردستانیش گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا دەهات، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێڕای ئەو شکستە گەورەیەی بە هۆی خیانەتی ناوخۆیی بەسەریدا داهات، بەڵام لە رۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر و لە داستانی پردێ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەبابەی ئابرامزی ئەمریکی تێکشکاند، ئەو چەکە ئەمریکییانە درابوونە حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی شەڕی دژی داعشی پێ بکات، بەڵام بەداخەوە بە بەرچاوی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانانەوە ئەم چەکە پێشکەوتووانەیان دژی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنا و ئەوانیش بێدەنگ بوون.. دیسان سەرۆك بارزانی هەر لەو کتێبەدا بۆ مێژوو نووسیویەتی: «دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە وەڵامی پەیامەکەی دۆگلاس سلێمانم ناردەوە و گوتم: جەنابی باڵیۆز بڵێن: (ئەمڕۆ دوێنێ نییە و سبەینێش وەك ئەمڕۆ نابێت)».

بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە رۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەر لە بەرەی سحێلا و مەحمودیە بەردەوام بوو. هێزەکانی حەشد و عێراقی بە هاوکاریی هێزەکانی ئێران و حزبوڵای لوبنان و بە فەرماندەیی ئەفسەرێکی پاسداری ئێرانی بە ناوی سەید موختار بە مەبەستی گرتنی پیشخاپور هێرشێکی گەورەیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە سحێلا و مەحمودیە، بەڵام تێکشکانی ئەم هێرشە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێگەیاندنی زیانێکی گەورەی مرۆیی و ماددی بە هێزە هێرشبەرەکە و ئەو سەرکەوتنەی پێشمەرگە گۆڕانی گەورەی بەسەر هاوکێشەکاندا هێنا و، وێڕای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی عێراق هەر لووتبەرز و غروور بوو، ئامادەی دانوستاندنی سیاسی نەبوو، بەڵام ناچار بوو داوای ئەوە بکات کە تیمە فەنییە سەربازییەکان دانوستاندن بکەن.

لە کۆی ئەم هەموو پیلانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەی لە دژی ریفراندۆم چنرا و هێرشی هێزەکانی عێراق و حەشد بە هاوکاریی هێزی بیانی بۆ سەر کوردستان، ئامانج لێی ئەوە بوو کە ناوەڕۆکی بڕیاری ریفراندۆم بەتاڵ بکەنەوە، بەڵام بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە پێچەوانەکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە روون و ئاشکرا بوو، بۆ جیهانیشی سەلماند، کەوا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئەوانە چۆك دانادات کە دژی خواستی رەوای گەلی کوردستانن و دەیانەوێت بە زەبری هێز پاشکۆیەتی بەسەر گەلی کوردستاندا بسەپێنن.

لە دوماهی ئەم کتێبەدا سەرۆك بارزانی بۆ مێژوو ئاماژە بە دوارۆژی عێراق دەکات و، وای دەیخوێنێتەوە کە عێراق لەسەر سیاسەتی نکۆڵی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت و، هیچ گۆڕانکارییەك بە سەر عەقڵییەتی حوکمڕانانی بەغدا نایەت و، هیچ وانە و پەندێکیان لە بڕیاری ریفراندۆم وەرنەگرتووە، ئاکامی کۆتاییشی ئەوەیە پێکەوەژیان لە عێراقدا لە جۆرە مەحاڵێك دەچێت، هەرچەندە ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەش جەخت لەسەر پێکەوەژیان و جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەری عادیلانە بۆ پرسەکە دەکەنەوە.

ئەم کتێبە بەبەهاییەی سەرۆك بارزانی، جیا لەوەی وانە و پەندی مێژووییە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو و نووسینی رێبەرێکە کە وەك پێشمەرگەیەك لە تۆمارکردنی ئەم مێژووەدا بەشداری هەبووە، لە هەمانکاتدا چەندین بەڵگە و پاشکۆی لە خۆی گرتووە، لەوانە دیراسەتێکی ئەکادیمی بە ناونیشانی (رەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان)، هەروەها چەندین دیکۆمێنتی گرنگی دەربارەی ریفراندۆم و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم و هەروەها قۆناخەکانی دوای ریفراندۆمی لە خۆی گرتووە.

## ● بەها و رەهەندەکانی کتێبی «بۆ مێژوو» لە روانگەی ئاسایشی نیشتمانییەوە

ئەم کتێبەی سەرۆك بارزانی لە رووی ئاسایشی نەتەوەییەوە چوارچێوەیەکە بۆ دروستکردن و پاراستنی قەوارەیەکی سیاسی کە بەرژەوەندییە باڵا و زیندووەکانی نەتەوەی تێدا پارێزراو بێت و، جەختکردنەوەیە لەسەر رەوایەتی بۆ ئەوەی نەتەوە بە ئامانجە نیشتمانییەکەی خۆی بگات.

یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ریفراندۆمدا ئامانجە سەرەکییەکەی نەتەوە بەرجەستە دەکات، بەوەی کە ریفراندۆم رێڕەوی راست و دیموکراتییانە بووە بۆ ئەوەی نەتەوە بریار لە چارەنووسی خۆی بدات، لە پێناوی ئەوەی لە نیشتمانێکی ئارامدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەو چوارچێوەیەشدا دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەبێتە سەرەتایەك بۆ پەرەپێدانی نەتەوە، بەوەش بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکان دەچین.

لێرەوە بەپێی ئەدەبیاتی ئاسایشی نیشتمانی، ریفراندۆم بریارێکی چارەنووسساز بووە، هەروەها لە بواری پراکتیکەکردنی سیاسەتیش بۆ خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوا دەکرێت دوو لایەنی دیکە بۆ بەرجەستەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکەین، کە یەکەمیان لایەنی ناوخۆییە و پەیوەستە بە ژیانی ناوخۆیی هەر قەوارە، یان کیانێك، واتە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ مژارێکی چارەنووسساز، چۆنیەتی بەرگریکردن لە پاراستنی ئەو بریارە و پاشانیش ئاسایشی ئەو هەرێمە، لەم لایەنەوە ئەوەی لەم کتێبە ئاماژەی پێ کراوە، خاڵێکی بەهێزی ئاسایشی نەتەوەییە.

لایەنی دووەم کە لایەنی دەرەکی و هەوڵە دیپلۆماتییەکانە لەسەر ئاستی دیپلۆماتیی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، کە لە سەر هەموو ئاستەکان سەرۆك بارزانی خۆی سەرپەرشتی دەکرد و، بە شێوەیەکی زۆر لۆژیکانە هەوڵێکی گرنگ بووە بۆ ئەم پرسە چارەنووسسازانە کە خرابوونەگەر.

لەم راستەوە ئەگەر دووبارە هەڵوەستەیەك لە سەر ریفراندۆم بکەینەوە، ئەوا ئەم پرسە یەکێکە لە پرسەکانی پەیوەست بە لوتکەی ئاسایش و ستراتیژی و هاوکێشەکانی ئاسایشی نەتەوە، لەناو پرۆسەی ریفراندۆمیشدا کۆی هاوکێشەکان پەیوەندییەکی دیالێکتیکیی قووڵیان لەناو کایەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان پێکەوە هەیە، بۆ ئەوەی نەتەوە بە ئامانجە نیشتمانییەکانی بگات.

هەر بۆیە کاتێك ریفراندۆم وەك لوتکەی سیاسی و ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوە و گرنگترین پرس دەخەینەڕوو، لەبەر ئەوەیە خواست و بریاری چارەنووسی گەلی کوردستانی بە جیهان ناساند و گەیاند، هەروەها هەم مافێکی رەوای گەلی کوردستان بوو لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، هەمیش رەوایەتیی دەستووریشی هەبوو کە لە سەر بنەمای شەراکەت لە عێراقدا هاتبوو .

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم کتێبە کە رەهەندێکی دیکەی ئاسایشی نیشتمانی دەخاتەڕوو، جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی-یە لە سەر برایەتیی گەلانی ناوچەکە و جیاکردنەوەی لە سیستمی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە، لەم بوارەشدا وەك بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کوردستان بایەخێکی زۆری بە لێکتێگەیشتن و پێکەوە ژیانی برایانەی گەلانی ناوچەکە داوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم کتێبە کە رەهەندێکی دیکەی ئاسایشی نیشتمانی دەخاتەڕوو، جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی-یە لە سەر برایەتیی گەلانی ناوچەکە و جیاکردنەوەی لە سیستمی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە

لەسەر ئەم بنەمایە و بە تێروانینێك لە روانگەی ئاسایشی نشتمانییەوە، ئەم کتێبەی سەرۆك بارزانی پەیوەندییەکی زنجیرەیی لەسەر بنەمای ئامانجی نەتەوە لە نێوان بابەتەکانیدا دروست کردووە و، ئاشکراکردنی کۆمەڵێك زانیاریی گرنگە کە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو گرنگییەکی زۆری هەیە.

بە تێروانینێک لە روانگەی ئاسایشی نشتمانییەوە، ئەم کتێبەی سەرۆک بارزانی پەیوەندییەکی زنجیرەیی لەسەر بنەمای ئامانجی نەتەوە لە نێوان بابەتەکانیدا دروست کردووە و، ئاشکراکردنی کۆمەڵێک زانیاریی گرنگە کە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو گرنگییەکی زۆری هەیە

لە دوماهیدا ئومێد دەخوازم ئەو گوتەی جوزیف بایدن لە ٢٠١٥ کە ئەو کات جێگری سەرۆکی ئەمریکا بوو، ئێستاش کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەمریکا، کە بە سەرۆك بارزانی گوتبوو: «لەتەمەنی خۆم و خۆتدا دەوڵەتی کوردستان دەبینین» بێتەدی و حکومەتی ئەمریکا بەم بەڵێنە پابەند بێت، بەتایبەتی ئەگەر شانس یاوەری جوزیف بایدن بێت و، بۆ چوارساڵی داهاتوو سەرۆکی ئەمریکا بێت.



**زاگرۆس فەتاح**

**بریکاری وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:**

# بەرنامەیەکی ورد و گشتگیر بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان و ڕێکخستنەوەی باج و خاڵە سنوورییەکان دانراوە

**وەزارەتی پلاندانان ئەرکێکی قورس و گرنگی دەکەوێتە سەرشان، ئەویش جێبەجێکردنی چاکسازی و پلاندانانە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی، بە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندیی پرۆژەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ شوێنەوارەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ڕەوشی پلاندانان و هاتنە پێشەوەی کەرتی تایبەت و گۆڕینی عەقڵییەتی وەبەرهێنان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی زاگرۆس فەتاح بریکاری وەزارەتی پلاندانان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** چاوەڕێی ئەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرا، کە هەموو قورسایی کار و پلانەکانی ئایندەی لەسەر شانی وەزارەتی پلاندانان بێت و، وەزارەتی پلاندانان ڕایەڵەی نێوان سەرجەم وەزارەتەکان بێت. ئایا بە ڕای ئێوە وەك بریکاری ئەم وەزارەتە، تاچەند لەناو ئەم کابینەدا توانیوتانە ئەم ئەرکە قورسەی سەرشانتان جێبەجێ بکەن؟**

- لە دەستپێکی کابینەی نۆیەم و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم وەزارەتەکان بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان ئەرکێکی قورسیان خرایە سەرشان، ئەویش ئەنجامدانی کۆمەڵێك پرۆژەی گەورە و ستراتیژی و دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆژە ڕاوەستاوەکان و کارکردن لە سەرجەم ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی وەکو کارەبا و ئاو و ڕێگاوبان و پەروەردە و تەندروستی و شارەوانی بوون، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو توانا داراییەی لەبەردەستدایە. بەداخەوە لە مانگی ئاداری ئەمساڵ و لە سەرەتای دەرکەوتنی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی داراییدا ئابووریی هەرێمی کوردستان وەکو سەرجەم ئابووریی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان (بەتایبەتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت) ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی دارایی بووەوە، ئەویش بەهۆی دابەزینی بەهای نەوتی خاوەوە بوو، ئەمە وێڕای بڕینی پشکی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، کە وایکرد چی دیکە حکومەت ئەو توانا داراییەی نەمێنێت، کە پارە بۆ پرۆژەکان دابین بکات، لەناو گەرمەی ئەم قەیرانە داراییە و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوتی خاودا، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دەستی پێ کرد؛ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان پارە دابین بکات، بۆ هەندێك لەو پرۆژانەی کە زۆر پێویستن و خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان دەگەیەنن، لەمەشدا ڕیزبەندی پارەتەرخانکردن بۆ پرۆژەکان بە ڕەچاوکردنی زۆر پێویستتر خرایە سەرشانی وەزارەتی پلاندانان، کە دەبووایە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان ئەم ئەرکە قورسە لەئەستۆ بگرێت، سەرۆکی حکومەت گرنگیی بە پرۆژە و باشکردنی دۆخەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی داوە، کە زۆر بە وردی و چڕی گوێبستی تیمی وەزارەتەکانە و بە ڕاوێژ و ڕاوەستان لەسەر خاڵە ورد و زانستییەکان بڕیارەکان دەدرێت، هەروەکو چۆن لە بەرنامەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ کۆمەڵێك شوێن ژمارەیەك پرۆژە دەستی بەکار کردۆتەوە و، دەیان پرۆژە بەردی بناغەی بۆ دانراوە و، ژمارەیەکی دیکەش لەم بارودۆخە سەختەدا تەواو کران، ئێمەش وەکو وەزارەتی پلاندانان لە هەوڵی ئەوەداین کە پرۆژەکان کاریان لەسەر بکرێت و ڕانەوەستن و بە عەقڵییەتێکی نوێ و بە خەرجییەکی کەمتر ئەنجام بدرێن، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی قەیرانی دارایی و گرنگیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان، لە سەر ئەم بیروباوەڕە پرۆژەی وەزارەتەکان دەست دەکاتەوە بە جێبەجێکردن و ڕیزبەندییان دەدرێتێ، تا بە زۆرترین و باشترین شێوە بتوانێت، خزمەت بە هاووڵاتیانی خۆشەویست و ئابووریی کوردستان بگەیەنێت، لەوانە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی (کارەبا و ئاو و

**ئەگەر پلان و حیکمەتی سەرۆکی حکومەت نەبووایە، لەم قەیرانەدا هەرێمەکەمان دەکەوتە بەردەم دارِمانێکی گەورەی ئابووری**

**سەرۆکی حکومەت گرنگی بە پرۆژە و باشکردنی دۆخەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی داوە، کە زۆر بە وردی و چڕی گوێبستی تیمی وەزارەتەکانە و بە ڕاوێژ و ڕاوەستان لەسەر خاڵە ورد و زانستییەکان بڕیارەکان دەدرێت**

ڕێگاوبان و شارەوانی)، هەروەها پڕۆژەکانی هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە، بەمەش لە ماوەی یەکساڵی تەمەنی کابینەکەدا بە هەموو پێوەرەکان حکومەت توانیویەتی ڕووبەڕووی تەحەدییە سەخت و قورسەکانی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی ببێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەکی زۆری ئەو پڕۆژانەی پێشتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوون، دەست بە جێبەجێکردنی کرایەوە، ئەمانەش هەمووی هاوکات بوون لەگەڵ جێبەجێکردنی پڕۆسەیەکی فراوان و گشتگیری چاکسازی لە کەمکردنەوەی خەرجییە زۆر ناپێویستەکان و زیادکردنی داهات و ڕێکخستنەوەی کاروباری دارایی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، خۆ ئەگەر پلان و حیکمەتی سەرۆکی حکومەت نەبووایە، ئەوا لەم قەیرانەدا بێگومان هەرێمەکەمان دەکەوتە بەردەم دارمانێکی گەورەی ئابووری.

*** کۆڵەگەی سەرەکیی پلاندانانی سیاسەتی ئابووریی بازاڕ سیستمی (باج وەرگرتنە)، بەڵام پێشتر کۆمەڵێك کۆمپانیا و پڕۆژەی گرنگ لە ژێر پەردەی هاندانی وەبەرهێنان لە باج بەخشرابوون، بەڵام ئێستا سەرۆکی حکومەت دەڵێت، لەمەودا باج لە هەمووان وەردەگرین، ئایا دەکرێت لەوە دڵنیامان بکەیتەوە کە کوردستانیش وەك دەوڵەتانی پێشکەتووی خاوەن بازاڕی ئازاد، دەتوانێت ژێرخانی ئابووریی خۆی لەسەر بنەمای (باج وەرگرتن) ڕێك بخاتەوە؟**

- کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەرهاویشتە خراپەکانی، بەتایبەتی کە قەیرانی دارایی زیاتر کەوتۆتە سەرشانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی لە ڕێگای یاسای چاکسازییەوە کە هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، دەبێت هەوڵ بدات خەرجییەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی بە نایاسایی دوو مووچە، یان سێ و زیاتر وەردەگرن، هەروەها خەرجییەکانی بەگەڕخستن، ئەوانەی بۆ کەمالیات و هەندێك ئیفاد و کاروبای ناپێویست پێشتر خەرج دەکرا، واتا تەنیا ئەو خەرجییانە بمێنێتەوە کە زۆر پێویستن و ڕیزبەندی بۆ دادەنرێت، هەرچی ئەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە بۆ مافی مووچەخۆرانی ڕاستەقینە و خەرجیی بەردوامی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەکار بهێنرێت. هاوکات ریفۆرمی ئابووری هەیە کە لەم کابینەیەدا زۆر گرنگیی پێ دراوە و، نهێنیی سەرکەوتنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی، بەتایبەتی لە بواری باج و خاڵە سنوورییەکاندا، خاڵێك هەیە زۆر گرنگە دەبێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە باج زیاد ناکرێت، بەڵکو ڕێك دەخرێتەوە، ئەوەی دەبێت باج بدات و نەیداوە، ئێستا دەبێت بیدات، لەپێناو ڕێگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان، بەرنامەیەکی ورد و گشتگیر و فراوان بۆ ڕێکخستنەوەی باج و گومرگی خاڵە سنوورییەکان دەستی پێ کردووە و بەردەوام دەبێت، ئەوەشی شایەنی باج پێدانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بێ جیاوازی دەبێت ئەو ڕێژە باجەی لە سەریەتی بیدات، بەتایبەتی نابێت هیچ کۆمپانیایەك لە ژێر هیچ پاساوێکدا خۆی لە باج بدزێتەوە، لە ماوەکانی ڕابردوودا بینیمان چۆن ژمارەیەك کۆمپانیا بە تاوانی خۆدزینەوە لە باج درانە دادگا، ئەوانەی دیکەش بێ جیاوازی دەبێت باجی خۆیان بدەن. سەبارەت بەوەی باج نەبێتە بارگرانی، بەتایبەتی لەسەر هاووڵاتیان، ئەوا بە تەئیکید ڕەچاوی خەڵکی هەژار و توێژی مامناوەند کراوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ریفۆرمەدا زۆر ئاگای لە چین و توێژی هەژار و کەم دەرامەتە، هەربۆیە باجدان جگە لەوەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی دانراوە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆئیا و بۆچوونی سەرۆکی حکومەت لەسەر سەپاندنی باج و ڕێکخستنەوەی، جگە لەوەی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، ئەو بڕە پارەیەش کە لە باج وەردەگیرێت، بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانە.

*** جاران گلەیی زۆر لەسەر وەزارەتی پلاندانان ئەوە بوو، کە پلانەکانی زیاتر خزمەتی سەرمایەداران دەکات، نەك خەڵك، ئەمەش بەو مانایەی پلانەکانی وەزارەت ڕەنگدانەوەی لەسەر پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان نەبووە، بەڵام لەم کابینەیەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە پلانی تایبەتی بۆ دەستەی وەبەرهێنان داڕێژراوە، ئایا هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پلادانان و دەستەی وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە و ئەو گۆڕانکارییانە کە لە بواری وەبەرهێنان کردووتانە چین؟**

**وەکو وەزارەتی پلاندانان لە هەوڵی ئەوەداین کە پڕۆژەکان کاریان لەسەر بکرێت و ڕانەوەستن و بە عەقڵییەتێکی نوێ و بە خەرجییەکی کەمتر ئەنجام بدرێن، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی قەیرانی دارایی و گرنگیی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان**

**وەزارەتی دارایی لە ڕێگای یاسای چاکسازییەوە کە هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، دەبێت هەوڵ بدات خەرجییەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەتی خەرجییەکانی ئەوانەی بە نایاسایی دوو مووچە، یان سێ و زیاتر وەردەگرن**

**ڕۆئیا و بۆچوونی سەرۆکی حکومەت لەسەر سەپاندنی باج و ڕێکخستنەوەی، جگە لەوەی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، ئەو بڕە پارەیەش کە لە باج وەردەگیرێت، بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانە**

- حكومەتی بەهێز تەنیا وەزارەت و دامودەزگای بەهێز نییە، بەڵكو كەرتێكی تایبەتی بەهێزیشە، كە لە خزمەتی هاوولاتیان و كەمكردنەوەی بارگرانی بێت لەسەر شانی حكومەت، لەسەر ئەم فەلسەفە ئابوورییە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگی بە كەرتی تایبەت و وەبەرهێنان داوە، ئێستا دەستەی وەبەرهێنانی كوردستان بە عەقڵییەتێكی نوێ و ئامانج و ئاراستەیەكی نوێ كارەكان دەكات، ئەوەتا لەلایەك زیاتر گرنگی بە پڕۆژەكانی جۆراوجۆركردنی كەرتی ئابووری و هەمەچەشنكردنی سێكتەرەكان دەدات، لەلایەكی دیكەوە پڕۆژەیاسایەكی نوێی وەبەرهێنانی ئامادە كردووە و هەمواری یاسا كۆنەكەی كردۆتەوە، ئێمەش وەكو وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و زۆربەی وەزارەتەكانی دیكە راوبۆچوونی خۆمان لەسەر رەشنووسی ئەو پڕۆژە یاسا نوێیەی وەبەرهێنان داوە، لەم كابینەیەشدا هەماهەنگییەكی باش لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان هەیە، لە داهاتووشدا ئەو هەماهەنگییە باشتر دەكەین، لەداهاتوویەكی نزیكیشدا گۆڕانكارییەكی نەوعی و گرنگ لە سەر ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستاندا دەبینین.لەلایەكی دیكەوە لەم كابینەیەدا جگە لەوەی بەم قەیرانەی داراییە جیاوازی لە ئەنجامدانی پڕۆژە لە نێوان پارێزگاكانیشدا نەكراوە، بەشێوەیەكی گشتی خەرجیی پڕۆژەكان لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی وەزارەت و پارێزگاكان بەم شێوەیە بووە:

- پارێزگای هەولێر ١١٩ پڕۆژە بە خەرجی ٦٤ ملیار دینار كە لە٣١٪ی كۆی گشتی پارەكەیە.
- پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەی گەرمیان و راپەڕینەوە (٢٢٣) پڕۆژە بە خەرجی ٨٢,٩ ملیار دینار كە لە٤٠٪ ی كۆی گشتی پارەكەیە.
- لە پارێزگای دهۆك (٣٥) پڕۆژە بە خەرجی ٥٥,٤ كە لە ٢٥٪ی كۆی گشتی پارەكەیە.
- لە پارێزگای هەڵەبجە (٣٥) پڕۆژە بەخەرجی ٨,١ كە لە ٤٪ی كۆی گشتی پارەكەیە .
- كۆی گشتی پڕۆژەكان ٤١٢ پڕۆژەیە بە خەرجی ٢٠٧ ملیار دینار .

*** وەزارەتی پلاندانان بانگهێشی سیاسەتی (یەك پەنجەرە) دەكات، تا چەند ژێرخانێكتان بۆ سیاسەتی (یەك پەنجەرە) دروست كردووە و، ئایا ئومێدی ئەوە هەیە ئەم سیاسەتە بكەوێتە واری جێبەجێكردنەوە و دیاردەی رۆتین و بیرۆكراسی كۆتایی پێ بێت؟**

- سیاسەتی یەك پەنجەرە لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا كاری باشی بۆ كراوە، ئەوەتا دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان دەستی بەم سیاسەتە كردووە، بۆ ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بتوانن ئەو مامەڵەی وەبەرهێنانەی هەیە، بە خێراترین و باشترین شێوە و كەمترین كات و ماندووبوون جێبەجێی بكەن، بۆ ئەمەش كاری جددی كراوە، تاوەكو هەموو مامەڵەی وەبەرهێنان لە یەك شوێندا كۆبكرێتەوە و، بە زووترین كات رۆتینیی وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان كەم بكرێتەوە و بە كەمترین خەرجی ئەو مۆڵەتە بدرێت و بخرێتە بواری پراكتیك، وابزانم كەمكردنەوەی رۆتین و بەڕێوەبردنی مامەڵەكان بە شێوەیەكی ئەلیكترۆنی جگە لەوەی سیاسەتێكی سەركەوتووی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، هاوكات لایەنێكی گرنگی هاندانی وەبەرهێنانیشە، كە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستمانە.

*** جاری پێشوو كە دیمانەمان لەگەڵ كردن، زۆر جەختتان لە سیاسەتی هەماهەنگی و هاریكاریی نێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت كردەوە، دیارە ئەمە وەك لایەنی تیۆری سیاسەتێكی سەركەوتووە، ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەم سیاسەتە پەیڕەو كراوە؟ ئەگەر پەیڕەو كراوە، ئایا پڕۆژە هاوبەشەكانی نێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت چین؟**

- پڕۆژەی هاوبەشكردنی نێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت پڕۆژەیەكی گرنگی وەزارەتی پلاندانانە، بۆ ئەم مەبەستە چوارچێوەیەكمان ئامادە كردووە كە پێی دەوترێت چوارچێوەی كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی هەرچی خزمەتگوزاری و پڕۆژە هەیە، كە لەم كاتەدا بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی سیولە حكومەت ناتوانێت ئەنجامی بدات، یان پێشكەشی بكات، لە رێگەی هاوبەشیكردنی كەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بكرێت، تەنانەت ئەم پڕۆژەیە تەنیا سوودی لەوەدا نییە بارگرانیی سەر حكومەت

**كەمكردنەوەی رۆتین و بەڕێوەبردنی مامەڵەكان بە شێوەیەكی ئەلیكترۆنی جگە لەوەی سیاسەتێكی سەركەوتووی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، هاوكات لایەنێكی گرنگی هاندانی وەبەرهێنانیشە، كە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستمانە**

**پڕۆژەی هاوبەشكردنی نێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت پڕۆژەیەكی گرنگی وەزارەتی پلاندانانە، بۆ ئەم مەبەستە چوارچێوەیەكمان ئامادە كردووە كە پێی دەوترێت چوارچێوەی كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت**

**جگە لەوەی كەرتی تایبەت لە سێكتەرەكانی كارەبا و شارەوانی و چەندین بواری دیكەدا هەیە، ئەم پڕۆژەیە ئاسۆیەكی زۆر فراوانی كاركردنی هاوبەشی نێوان حكومەت و كەرتی تایبەتیش دەهێنێتە پێشەوە**

کەم دەکاتەوە، بەڵکو هانی هاتنەپێشەوەی کەرتی تایبەتیش دەدات بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەك پرۆژەی گرنگ و بەرزکردنەوەی ئەدا و توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، هاتنە پێشەوەی کەرتی تایبەت هەلی کار بۆ سەدان گەنج و دەرچووی زانکۆ دابین دەکات، ئێستا جگە لەوەی کەرتی تایبەت لە سێکتەرەکانی کارەبا و شارەوانی و چەندین بواری دیکەدا هەیە، ئەم پرۆژەیە ئاسۆیەکی زۆر فراوانی کارکردنی هاوبەشی نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتیش دەهێنێتە پێشەوە. بۆ خێراکردنی بەڕێوەچوونی کارەکانی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەم قۆناغەدا، بە یاسا نا، کە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن و پەسەندکردنی، بەڵکو لە ڕێگەی ڕێنماییەکانەوە هەموو ئەم کارانە ڕێك دەخەین.

*** لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا وەزیری پلاندانانی عێراقی سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و لەگەڵ ئێوە کۆبۆوە، ئایا حکومەتی فیدڕاڵی پلانی ئەوەیە گەمارۆ بخاتە سەر هەرێم و بەشە بودجەی لێ ببڕێت، یان پلانێکی هاوبەش هەیە کە وەزارتی پلاندانانی حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێم پێکەوە کۆبکاتەوە؟**

-هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و تێپەڕبوونی دۆخەکە پلان و بەرنامە و پرۆژەی هاوبەشیان هەیە، گەیشتن بە تەکامولی ئابووریش پێویستی بە پتەوکردنی پەوەندییەکان هەیە، وابزانم بوونی ئیرادە و نییەتی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان هاندەر بووە بۆ نزیکبوونەوەی هەر دوو حکومەتی هەرێم و عێراق، لەئێستاشدا هەندێك هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە کە پێشکەش بە حکومەتی عێراق دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی دیکەی نێودەوڵەتییەوە، لە ساڵانی ڕابردوو پشکی هەرێمی کوردستان کەمتر دراوە، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە گفتوگۆداین لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق، بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بدرێت و ئێمەش لەو هاوکارییانە سوودمەند بین، بەتایبەتی کە ئێستا بەرنامەیەك هەیە کە سندوقی پەرەپێدانی پیشەسازیی پێ دەڵێن کە ٢٦٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، لەو بڕە پارەیەش ٣٠ ملیۆن دۆلاری بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت و، دابەشی سەر پارێزگاکانی هەرێمی دەکەین، ڕاستە ئەم بڕە پارەیە کەمە، بەڵام دەمانەوێت بۆ پرۆژە بچووکەکان سوودی لێ وەربگرین، بەتایبەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان.

*** ئایا ئێوە وەك وەزارەتی پلاندانان پلانی B تان هەیە تایبەت بە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کاتێك دەبینین پشتبەستن بە حکومەتی فیدڕاڵی هەندێك جار جۆرێك بێ ئومێدی دروست دەکات؟**


- مەسەلەکە زیاتر پشتبەستن نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەیە کە لە بەردەستمانە، بۆ نموونە: لە ئێستادا وەزارەتی پلاندانانی عێراق، یان حکومەتی عێراق سەرچاوەیەکی لە بەردەستدایە کە دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستانی پێ بکەین، مەسەلەکەش دووسەرەیە واتە پەرەپێدانی ئابووری و باشکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزبوونی ئابووریی عێراق و خەڵکی هەموو عێراقیش سوودی هەیە، بۆیە پەیوەندییەکان هاوبەشییە و لەپێناو سوودی هەموواندایە، لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك لە بەهێزییەکانی ئەم کابینەیە لەوەدایە کە کۆمەڵێك بەرنامەی تایبەت بەخۆمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر حکومەتی ناوەندیش هاوکاریمان نەکات، ئێمە خۆمان بتوانین بەردەوام بین و هەنگاوی باش بنێین، ریفۆرمەکانی سەرۆکی حکومەت هەنگاوێکی گەورە و ستراتیژییە بۆ پشتبەستن بە ئابووری و داهات و سەرچاوەکانی خۆمان، بێ ئەوەی پشت بە پاشکەوتەی هیچ حکومەت و لایەنێك ببەستین، ئەمەش وەکو ئەوەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێدا، کە ئێمە کاتمان دەوێت بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو ریفۆرمانە لە سەرجەم سێکتەرەکاندا ئەنجام بدەین و، پرۆسەی چاکسازییش پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە و نەفەس و سەبرێکی باشی دەوێت، بەڵام دەرئەنجامێکی گەورە و گرنگی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و ئەزموونەکەمان دەبێت، ریفۆرم و خزمەتکردنی هاووڵاتیان پرۆسەیەك نییە ئەمڕۆ دەستی پێ بکەین و سبەی تەواو بێت، ئەوەتا

**هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و تێپەڕبوونی دۆخەکە پلان و بەرنامە و پرۆژەی هاوبەشیان هەیە**

**بوونی ئیرادە و نییەتی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان هاندەر بووە بۆ نزیکبوونەوەی هەر دوو حکومەتی هەرێم و عێراق**

**لە گفتوگۆداین لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق، بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بدرێت و ئێمەش لەو هاوکارییانە سوودمەند بین**

**پرۆسەی سەرژمێری بێ هەرێمی کوردستان ناکرێت و ئێمەش مەرج و تێبینی خۆمان لەم سەر ژمێرییە هەیە**



بەراورد بە عێراق و هەندێك وڵاتانی دراوسێشمان، لە زۆر لایەنەوە ئێمە لە پێشەوەین، راستە لە هەندێك بواردا گرفت و کێشەی قووڵیشمان هەیە، بەڵام خۆشبەختانە گرفت و کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن دەچێت، بۆیە لە کاتێکدا جیهان لە قەیرانی دارایی و ئابووریدایە، ئەمە هەواڵ و ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە کە ئێمە بتوانین هەنگاوی ئەرێنی هەڵبگرین.

*** یەکێك لەو بابەتانەی لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عێراقدا گفتوگۆتان لەسەر کرد، بابەتی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بوو. ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی پلاندانان هیچ تێبینی و مەترسییەکتان لەسەر ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە هەیە؟**

- ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوخۆی عێراقدا کێشەیەکی قووڵ و ئاڵۆزی سیاسی هەیە، هێشتا نازانرێت کەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەرێت، بۆ نموونە شیعەکان کێشەی ئەوەیان هەیە رەنگە لەو سەرژمێرییە قەبارەی راستەقینەی کورد و سوننە دەربکەوێت، هەربۆیە ئەوان هەندێك میکانیزم و بیرۆکە دەهێننە پێشەوە کە لە رووی واقیعییەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەکە. ئێمە چەند ساڵێکە بەهیوای ئەوەوەین ئەو سەرژمێرییە گشتیە ئەنجام بدرێت، لەلایەکی دیکەوە لەو سەرژمێرییە ئێمە مافی خۆمان داوا کردووە کە پێویستە رەچاو بکرێت، هەرچەندە ئەوان لە هەندێکی رازین، بەڵام ئەنجامنەدان، یان دواکەوتنی سەرژمێری پەیوەندی بە هەولێر و بەغداوە نییە، بە قەد ئەوەی پەیوەندیی بە کێشە سیاسییەکانی نێوخۆی عێراقەوە هەیە، هەرچۆنێك بێت پرۆسەی سەرژمێری بێ هەرێمی کوردستان ناکرێت و ئێمەش مەرج و تێبینی خۆمان لەم سەر ژمێرییە هەیە.

**ریفۆرمەکانی سەرۆکی حکومەت هەنگاوێکی گەورە و ستراتیژییە بۆ پشتبەستن بە ئابووری و داهات و سەرچاوەکانی خۆمان، بێ ئەوەی پشت بە پاشکەوتەی هیچ حکومەت و لایەنێک ببەستین**



سەربەست ئامێدی

سەرۆکی رێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ گوڵان:

# یاسای نوێی هەڵبژاردن ناکۆکییە سیاسییەکان چارەسەر ناکات و قووڵتریان دەکاتەوە

پشێوی و نادڵنیایی باڵیان بە سەر بارودۆخی عێراقدا کێشاوە و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەش وەك سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان و گۆڕینی کابینەی حکومەت، دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەو هەلومەرجە ناسەقامگیرەن، هەروەها لە ئێستادا یاسای نوێی هەڵبژاردن و دووبارە دابەشکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن تێپەڕێندراون، لێکەوتە و ئاکامەکانی ئەم یاسایەش بووە تەوەری سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سەربەست ئامێدی سەرۆکی رێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن.

*** هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە دەکرێـن، پەیوەستن بە کێشەو ناکۆکیی نێوان هێزە شیعەکانەوە، پێش ئـەوەی باسـی هیـچ گۆڕانکارییەکـی دیکـە بکەیـن، ئایـا بەپێـی ئەزموونـی خـۆت، کێشـەو ناکۆکییەکانی نـاو هێزە سیاسییەکانی شیعە چۆن دەخوێنیتـەوە، بەتایبەتی کە شیعە نایەوێت جارێکی دیکـە حوکمڕانیـی عێراقـی لـە دەسـت دەربچێـت؟**

- لـە راسـتیدا کێشـەکانی عێـراق قوڵبوونەتـەوە و کێشـەکان کەوتۆتـە نێوخـۆی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهاتەکانیـش، تـا ئێسـتا کوردیـش بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە نێوخۆیاندا یەکـڕاو یەکڕیـز نیـن، هـاوکات شـیعە و سـوننەش هەریەکـە لـە نێوخۆیاندا یـەك دەنـگ نیـن، گەرچـی عـەرەبی شیعە تـا سـاڵی ٢٠١٢ یـەك کوتلـەی گەورەیـان بەیەکـەوە هەبـوو، کـە پێیـان دەگـوت هاوپەیمانیـی نیشـتمانی، کـە هـەر هەمـوو شـیعەی بەیەکـەوە کۆدەکـردەوە، بـەڵام ئـەو کاتـە کـە هەڵبژاردنـی پارێـزگاکان ئەنجامـدرا، ئـەوە سـائیرون لەسـاڵی ٢٠١٢ هەمـان ئـەو یاسـایەی ئێسـتای پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتیی کۆمـار و سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی وەزیـران کـرد، لـە پاشـان رەوانـەی ئەنجومەنـی نوێنـەران کـرا و چەنـد گۆڕانکارییـەك لـە ئەسـڵی یاسـاکە کـرا، بـەڵام ئـەو کاتـە کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن رایگەیانـد کـە ئێسـتا کاتـی ئـەو یاسـایەی هەڵبـژاردن نییـە، چونکـە کاتـی زۆری پێویسـتە و ژێرخانـی هەڵبژاردنـەکان لـە عێـراق لەسـەر ئـەو جـۆرە سیسـتمە بینـا نەکـراوە، داوا لـە کۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـەکان کـرا کـە راوبۆچوونـی خـۆی دەرببڕێـت و کۆمیسـیۆنیش دوو پێشـنیاری کـرد، یەکـەم: هەڵبـژاردن بـە سیسـتەمی دیـۆن بێـت. دووەم: هەڵبـژاردن بـە سیسـتەمی سـانلیگۆی ئەسـڵی ئەنجـام بدرێـت، کـە سـانلیگۆی ئەسـڵی دەنگـی هـەر حزبێـك دابـەش دەکرێـت لەسـەر ١و ٣و ٥و ٧و... لـە ژمـارەی دەنگـی ئـەو بازنەیـە، بـەڵام ئـەو کات پێکهاتـەی شـیعە وایلێهـات ناکۆکـی و جیـاوازی و تەکەتـول بکەوێتـە نێوانیـان و دابـەش بـن، لـەو کاتـەدا یەکێـك لەوانـەی زەرەرمەندبـوو، دەوڵەتـی یاسـا بـوو، کـە چـوار پارێـزگای لەدەسـت دەرچـوو. بـەڵام هـەر لـەو رۆژەوە ئـەو گۆڕانکارییـە لـە یاسـای هەڵبژاردنـەوە بـووە گۆڕانکارییەکـی سیاسـی، ئـەو یاسـای هەڵبژاردنـەی ئێسـتا هەنـدێ لایـەن تێیـدا زەرەرمەنـد دەبـن، کـە بـە بۆچوونـی مـن هاوپەیمانیـی فەتـح و دەوڵەتـی یاسـا زەرەرمەنـد دەبـن و ئەوانـەی لـە یاساکە سـوودمەند دەبـن، بـە پلـەی یەکـەم سـائیرون و دووەم حیکمەیـە کـە ئێسـتا پێیـان دەگوترێـت عێراقیـوون، بەپلـەی سـێیەمیش تـا ئاسـتێك بـۆی هەیـە، نەسـریش سـوودمەند بێـت، بۆیـە ئـەو جیـاوازی و خیلافاتـی سیاسـییە لـە عێراقـدا هەیـە، بـەو یاسـایەش چارەسـەر ناکرێـت، بەڵکـو هـەر زیاتـر و قوڵتـر دەبێـت، هـەر لەبـەر ئەمـە رەنگـە لەپـاش هەڵبـژاردن هەندێـك کێشـەی سیاسـی و ئەمنـی گـەورە لـە عێـراق دروسـت ببێـت، هەرچەنـدە شـیعە نایانەوێـت جارێکـی دیکـە عێـراق و دەسـەڵاتدارێتیی عێراقـی لەدەسـت دەربچێـت، بـەڵام هەندێکجـار کێشـەکان دەکەوێتـە نـاو خـودی پێکهاتەکـەوە و دەبێـت تەنیـا لایەنـی سـێیەم بێـت هەموویـان کۆبکاتـەوە، لایەنـی سـێیەمیش لـە عێراقـدا ئێسـتا کێشـەی لەگـەڵ ئەمریـکا هەیـە و خۆیشـی بارودۆخـی زۆر بـاش نییـە، لەبـەر ئـەو خۆپیشـاندانانەی کـە هەیـە، بـەڵام ئـەو کاتیـش دەمێنێتـەوە سـەر ئـەوەی کـە لـە عێراقـدا هاوسـەنگیی هێـز چیـی بەسـەر دێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر هەوڵـی ئـەوە دەدەن کـە دەسـەڵاتیان لەدەسـت دەرنەچێـت، بـەڵام بـۆی هەیـە ئـەو یاسـایەی هەڵبـژاردن ببێتـە هۆکارێـك کـە دەسـەڵاتی ناوچەگـەری دروسـت ببێـت، چونکـە بـەو یاسـایە زۆر ئەسـتەمە لـە ناوچەیەکـی ئەنبـار کەسـێکی شـیعە دەربچێـت، هـەر بۆیـە بەشـێوەیەکی گشـتی ناوچەکانـی سوننەنشـین بـۆ سـوننە دەبێـت و رەنگـە ئیسـتیسناشـی لـێ دروسـت بێـت و ناوچـە کوردییـەکان و شـیعەکانیش بەهەمـان شـێوە، هـەر یەکـەی بـۆ پێکهاتـەی خـۆی بێـت، جگـە لـەوە ئـەم یاسـایە هەندێـك جـار موفاجەئـات دروسـت دەکات، بـۆی هەیـە لـە هەنـدێ شـوێن کاندیـدی عەشـایەری دەربچێـت، نـەك کاندیـدی ئـەو لایـەن و حزبـەی کـە خـۆی بـە دەسـەڵات دەزانـێ لـەو بازنـە و ناوچەیـەدا.

*** یاسـای هەڵبژاردنـە پێشـوەختەکانی عێـراق گۆڕانکاریی گـەورە و ریشـەیی بەسـەرداهاتووە و بۆتـە سیسـتەمی چەنـد بازنەیـی، ئـەم سیسـتەمە لەگـەڵ ئەوەی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە تێبینیی زۆری لەسـەرە، لـە هەمانکاتـدا مەزنـدەی ئـەوەش هەیـە کـە غەدرێکی زۆر لە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بکات، لـەم چوارچێوەیـەدا دەپرسـین ئایـا خاڵـی جەوهەریـی نێوان یاسـای فرە بازنەیـی و یـەك بازنەیـی چییـە؟ ئایـا ئـەو هۆکارانـە چیـن دەبنـە هـۆی گۆڕینـی یاسـایی هەڵبژاردنـەکان بـەم شـیوەیە؟**

- بـە بۆچوونـی مـن هـۆکاری بنەڕەتـی بـۆ

**شیعە نایانەوێت جارێکی دیکە عیراق و دەسەڵاتدارێتیی عیراقی لەدەست دەربچێت، بەڵام هەندێکجار کێشەکان دەکەوێتە ناوخودی پێکهاتەکەوە و دەبێت تەنیا لایەنی سێیەم بێت هەموویان کۆبکاتەوە، لایەنی سێیەمیش لە عیراقدا ئێستا کێشەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە و خۆشی بارودۆخی زۆر باش نییە**

**هۆکاری بنەڕەتی بۆ گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەو یاسا تازەیە دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە هاوسەنگیی هێز لە عێراقدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، کە هەندێک لایەن خۆیان بە زۆرینە دەزانی، بەتایبەتی لە نێو شیعە، بەڵام هەڵبژاردنەکان دەریخست کە وا نەبوو**

**لەم سیستەم و یاسا تازەیەدا وەرەقەی دەنگدانی هەڵبژاردن ناوی كاندیدی لەسەرە و لیست و قائیمە نییە، بەڵام بەو دابەشكردنەی كە هەیە، بە بۆچوونی من خاڵی ئەساسی و جەوهەری ئەوەیە كە پێكهاتە سەرەكییەكان وەك كورد سوننە و شیعە و تا ئاستێك توركمان، كورسییەكانیان گۆڕانكاریی زۆر گەورەی بەسەر نایەت**

گۆڕینـی یاسـای هەڵبـژاردن بـۆ ئـەو یاسـا تازەیـە دەگەڕێتـەوە، ئـەوەی كـە هاوسـەنگیی هێـز لـە عێراقـدا گۆڕانكاریـی بەسـەردا هاتـووە، كـە هەندێـك لایـەن خۆیـان بـە زۆرینـە دەزانـی، بەتایبەتـی لـە نێـو شـیعە، بـەڵام هەڵبژاردنـەكان دەریخسـت كـە وا نەبـوو. دواتـر خۆپیشـاندانیش دەسـتی پێكـرد، كـە داوای سـێ شـتی بنەڕەتـی دەكـرد، یەكـەم: گەندەڵـی نەمێنێت، دووەم: داوادەكەن دادپەروەری لـە هەڵبـژاردن هەبێـت. سـێیەم: خزمەتگوزارییەكانیـان هەبێـت. هـەر بۆیـە هەنـدێ لایـەن ئـەو خۆپیشـاندانانەیان بـۆ خۆیـان قۆسـتەوەو بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان بەكاریـان هێنـاو داوایـان كـرد كـە یاسـای هەڵبـژاردن بگـۆڕدرێـت، گەرچی وەكـو پێشـتر ئامـاژەم پێدا لـە سـاڵی ٢٠١٢ بەبـێ ئـەوەی خۆپیشـاندان هەبێـت، داوایـان كـرد كـە یاسـاكەی هەڵبـژاردن بگـۆڕدرێـت، بـەڵام كێشـەی بنەڕەتـی لـە یاسـاكەدا ئەوەیـە كـە هـەر پارێزگایـەك لـە یـەك بازنـە زیاتـر بێـت، ئـەوە حـزب و لایەنـە بچووكـەكان و رادیـكاڵ و گەنجـەكان دەرفەتیـان نییـە كـە كورسـی بەدەسـت بێنـن، بەڵكـو زیاتـر دەرەفـەت بـۆ ئـەو عەشـایەرانە دەبێـت كـە لـە هـەر بازنەیەكـی هەڵبژاردن زۆرینـە بـن، ئـەوە كاندیدی ئەو عەشایەرانە دەردەچـن. بەهـۆی ئـەو یاسـا تازەیـەی هەڵبـژاردن كێشـەكان و دابەشـكردن قووڵتـر دەبێـت و كێشـەكان لـە نـاو پێكهاتەكانـەوە دەچێتـە نـاو حزبیـش و دەرفـەت بـە خەڵكـی سـەربەخۆو گەنـج نـادات، بـە پێچەوانـەی ئـەو قسـەی كـە سـائیرون و هەنـدێ خەڵكـی دیكـە دەڵێـن بـەو یاسـایە خەڵكـی بێلایـەن و سـەربەخۆ و گەنـج و ئەوانـەی خۆپیشـاندانیان كـرد، دەرفەتیـان بـۆ فەراهـەم دەبێـت، بەڵكـو ئـەو گەنـج و خۆپیشـاندەرانە تەنیـا بـە حاڵەتێك كـە خۆیـان بخەنـە ژێـر باڵـی هەنـدێ حزبـی گـەورەوە، بـەڵام وەك سـەربەخۆ خۆیـان كاندیـد و نیشـان بـدەن، خاڵـی هاوبەشـی جەوهـەری لـە نێـوان هـەردوو سیسـتەم ئەوەیـە كـە حـزب دەتوانێـت لـە هەڵبـژاردن لەپشـتەوە رۆڵـی خـۆی ببینێـت، چونكـە لـەم سیسـتەم و یاسـا تازەیـەدا وەرەقـەی دەنگدانـی هەڵبـژاردن نـاوی كاندیـدی لەسـەرە و لیسـت و قائیمـە نییـە، بـەڵام بـەو دابەشـكردنەی كـە هەیـە، بـە بۆچوونـی مـن خاڵـی ئەساسـی و جەوهـەری ئەوەیـە كـە پێكهاتـە سـەرەكییەكان وەك كـورد سـوننە و شـیعە و تـا ئاسـتێك توركمـان، كورسـییەكانیان گۆڕانكاریـی زۆر گـەورەی بەسـەر نایـەت، بەڵكـو دوو، سـێ كورسـی زیـاد یـان كـەم دەبێـت، واتـە نەخشـەی گشـتی سیاسـیی عێـراق لـە نـاو خـودی پێكهاتەكانـدا گۆڕانكاریـی بەسـەردا دێـت، بـەڵام نەخشـەی پەیوەندیـی نێـوان سـێ پێكهاتـە سـەرەكییەكە گۆڕانكاریـی بەسـەردا نایـەت و وەكـو خـۆی دەمێنێتـەوە، بـە رای مـن ئـەوە خاڵـی جەوهەرییـە.

**ئەگەر پێش هەڵبژاردن یاساكە گۆڕانكاریی بەسەردا نەیەت و هەموار نەكرێتەوە، باوەڕ ناكەم و زۆر زەحمەتە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، لەكاتێكدا هەڵبژاردنیش ئەنجام بدرێت، ئەوە فەوزایەكی سیاسی و ئەمنی دروست دەكات**

*** لەگـەڵ ئـەوەی فراكسـیۆنە كوردسـتانییەكان ئـەم یاسـا تازەیەیـان رەت نەكـردەوە و بایكۆتـی دانیشـتنەكانی پەرلەمانیـان نەكـرد، بـەڵام قسـەی زۆریـش هەیـە، كـە دەنگـی كـورد لـەم شـێوازە دەفەوتیـت، ئایـا ئـەم یاسـایە بەڕاسـتی زیانـی بـۆ دەنـگ و كورسـییەكانی كـورد لـە پەرلەمانـی عێـراق دەبیـت؟**

- لـە راسـتیدا ئەمـە دوولایەنـە، لایەنـی یەكـەم: كورسـییەكانی هـەر سـێ پارێـزگای هەرێمـی كوردسـتان هـەروەك خـۆی دەمێنێـت، بـەڵام خـودی حزبـە بچووكـەكان بارودۆخیـان خـراپ دەبێـت، گەرچـی ژمـارەی گشـتیی كورسـییەكانی كوردسـتان وەك خـۆی دەمێنێـت. لایەنـی دووەم: ناوچـە و پارێزگاكانـی دەرەوەی هەرێـم وەك نەینـەوا و كەركـووك و دیالەیـە، كـە نەینـەوا و دیالـە بەشـێوەیەك دابەشـكراون كـە ناوچـە كوردییـەكان لـە یـەك بازنـە بێـت و بازنـەش هەیـە تێكـەڵاوە، بـەڵام دابەشـكردنەكە وایـە زۆربـەی ناوچـە كوردییـەكان لەیـەك بازنـەدان، بـۆ نموونـە لـە نەینـەوا مەخمـوور و حەمدانییـە، یـەك بازنەیـە و باشـیك و تلكێـف و شـێخان و ئەلقـووش و فایـدە یـەك بازنـەن و تەلەعفـەرو زوممـار و رەبیعـە یـەك بازنـەن و شـنگال و قەحتانیـەش یـەك بازنـەن، بـە تەئكیـد ناوچـە كوردییـەكان لـە دابەشـكردنی بازنەكانـی هەڵبـژاردن گۆڕانكاریـی بەسـەردا نەهاتـووە، هـەر وەك خۆیەتـی و لـە دیالـەش، خانەقیـن و جەلـەولا و كفـری و جەبـارە یـەك بازنـەن، ئـەو دابەشـكردن و بازنانـەی لـە نەینـەوا و دیالـە و لـە ناوچەكانـی دیكـەی دەرەوەی هەرێـم دانـراون بـە هەمـان شـێوە.

*** ئیسـتا پڕۆسـەی سیاسـیی عێـراق بـە قۆناغیكـی ناسـەقامگیر و فەوزائامێـزدا تێپـەس دەبێـت، بـەردەوام كێشـەی سیاسـی و هەڵكوتانـە سـەر باڵوێزخانـەو نێـردە دیپلۆماسـییەكان هەیـە، لـە شـەقامیش خۆپیشـاندان بەردەوامـە، لـەم ژینگـە ئاڵـۆزەدا پێشـبینیی ئـەوە دەكرێـت كـە نەتوانرێـت هەڵبـژاردن لـە حوزەیرانـی سـاڵی ٢٠٢١ ئەنجـام بدرێـت، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا وەك ئەزموونداریـك لـەم پرسـەدا پێشـبینی دەكەیـت كـە بتوانرێـت هەڵبـژاردن لەكاتـی خۆیـدا ئەنجـام بدرێـت؟**

- ئەم پرسیارە لە راستیدا زۆری دەوێت، یەکەم: هەڵبـژاردن بارودۆخێکـی سـەقامگیری سیاسـی و ئەمنیـی سـەقامگیری پێویسـتە، بـەڵام بارودۆخـی ئێسـتای عێـراق موژدەدەبەخـش نییـە و بارودۆخـی سیاسی و ئەمنی و دارایی بـاش نییـە، کـە عێراق بـەرە و سـەقامگیری و هێمنـی بـڕوات، ئەمـەش کێشـەیە، چونکـە کاندیـد و دەنگـدەر و حزبەکانیـش لـە هەڵبژاردنـدا، دەبێـت هەسـت بـە هێمنـی و سـەقامگیری بکـەن. دووەم: خـودی یاسـاکە کێشـەی هونەریـی تێدایـە، بـە تێڕوانینـی مـن ئەوانـەی ئـەو یاسایەیان بـەو شـێوەیە داڕێشـتووە، بـە مەبەسـتی دوو ئەگـەرە، بـۆ ئـەوەی تاوەکـو هەڵبژاردنەکـە ئەنجـام نەدرێـت، یـان فەوزایـەك دروسـت ببێـت. هـاوکات نازانیـن چ هۆکارێکـی سیاسـی لەپشـتەوەیە، هـەر بۆیـە ئەگـەر پێـش هەڵبـژاردن یاسـاکە گۆڕانکاریـی بەسـەردا نەیـەت و هەمـوار نەکرێتـەوە، بـاوەڕ ناکـەم و زۆر زەحمەتـە هەڵبـژاردن ئەنجـام بدرێـت، لەکاتێکـدا هەڵبژاردنیـش ئەنجـام بدرێـت، ئـەوە فەوزایەکـی سیاسـی و ئەمنـی دروسـت دەکات، جگـە لەمـە خەڵکانێـك هەیـە زۆرجـار لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن دەڵێـن بـۆی هەیـە ئـەو هەڵبژاردنـە سێ مانـگ، یـان چـوار مانـگ دوابخرێـت. کێشـەیەکی دیکـە ئـەوە دەبێـت ئەنجومەنـی نوێنـەران بەلایەنـی کـەم ٦٠ رۆژ پێـش وادەی هەڵبـژاردن خـۆی هەڵوەشـێنێتەوە، لەمەشـدا ئایـا پەرلەمـان لـەو کاتـەدا خـۆی هەڵدەوەشـێنێتەوە، هـەر بۆیـە منیـش لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەم کـە ئـەو یاسـایەی هەڵبژاردنـە نەگـۆڕدرێت، بەڵکـو سیسـتەمی سانلیگـۆی ئەسـڵی و هـەر پارێزگایـەك یـەك بازنـەی هەڵبـژاردن بێـت، تاوەکـو هەمـوو حـزب و لایەنـە سیاسـییەکان و کەسـانی سـەربەخۆ و خۆپیشـاندەرانیش لـە پاریزگاکان ماوەیان بـۆ دروسـت ببێـت کـە دەنگـی خۆیـان کۆبکەنـەوە، ئـەوکات زیاتـر بەشـداربوونی سیاسـی لـە هەڵبژاردنەکـە دروسـت دەبـوو، چونکـە یاسـای هەڵبژاردنـی ئێسـتا نادادپەروەریـی تێدایـە و لـە بەرامبـەر حزبـی بچـوك و تـازەو خۆپیشـاندەرانیشدا بـوار بەرتەسـك دەکاتـەوە، بۆیـە ئـەو یاسـایە دابەشـکردنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـش قووڵتـر دەکاتـەوە و مومکینـە هەڵبژاردنەکـە سێ مانـگ دوابخرێـت.

*** بـاس لـەوە دەکرێـت کـە ئـەو یاسـا تازەیـەی هەڵبژاردن بـۆ ئەوەیـە کـە رێگـە لـە تەزویر بگرێت و هەڵبژاردنێکـی پـاك و بێگـەرد ئەنجـام بدرێـت، تـا وەك هەڵبژاردنەکانـی ئایـاری ٢٠١٨ نەبێـت کـە خەلـك بایکۆتی کرد و پاشانیش پرسیار کەوتـە سـەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکە، لەسـەر ئـەم پرسـە پرسیار ئەوەیـە، ئایـا لـەو بڕوایەدایـت ئـەم یاسـایە بتوانێـت رێگـە لـە سـاختەکاری بگرێـت؟**

- یاسـای هەڵبـژاردن شـتێکە و هەڵبژاردنێکـی پـاك و بێگەردیـش ئەنجـام بدرێـت شـتێکی دیکەیـە و پەیوەندیەکیـان لەگـەڵ یـەك هەیـە، بـەڵام ئـەوە دەمێنێتـەوە سـەر شـێوەی دەنگـدان و بەڕێوەبردنـی بنکەکانـی دەنگـدان، کـە تاچەنـد مـاوە دەدرێـت بـە چاودێرانـی ناوخۆیـی و بیانـی، دەبێـت چاودێـران لـە هەمـوو بنکـەو شـوێنێك بـن، نـەك لـە هەنـدێ شـوێن هەبـن و لـە هەندێـك شـوێن دەربکرێـن، یـان کاریگەریـی خراپیـان بخرێتـە سـەر و بەرتیلیـان پـێ بدرێـت، ئـەو یاسـا تازەیـە لـەم رووەوە هیـچ جیاوازییەکـی نییـە لەگـەڵ یاسـا کۆنەکـە، بەڵکـو ئـەوە دەمێنێتـەوە ئایـا ئـەو ئامێـرەی کـە جیاکردنـەوەی دەنگـەکان دەکات، هەمـان ئامێـری پێشـوو دەبێـت؟ ئـەوە بێگومـان هەڵبژاردنێکـی پـاك و بێگـەرد دەبێـت. ئـەو ئامێـرەی دەنگـەکان لێـك جیادەکاتـەوە زۆر خاوێنـە و ئامێرەکـە هیـچ کـەس و حزبێـك ناناسـێت، هـەر حزب و لایەنێـك بـە قەبـارەی خـۆی دادەنێـت، هەرچۆنێـك بێـت کێشـەی ئەساسـی ئـەوە نییـە کـە هەڵبژاردنەکـە پـاك و بێگـەردە یـان نـا، بەڵکـو کێشـە ئەوەیـە متمانـە بـە پرۆسـەی سیاسـی و دیموکراتـی نەمـاوە و متمانـە بـە حـزب و لایەنـی سیاسـیی گـەورە، بەتایبەتـی لـە خـواروی عێـراق نەمـاوە، بـاوەڕ بـە کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن نەمـاوە و بـاوەڕ بـە دەوڵـەت نەمـاوە، ئەمـە کێشـەکانە و رەنگـە رێـژەی بەشـداربوو لەدەنگـدان زیـاد بـکات، بـەڵام هـەر ناگاتـە ئـەو رێـژەی کـە هەندێك کـەس وای بۆدەچـن رێژەی دەنگدان لـە ٥٠٪ تێپەڕێـت. بۆیـە کێشـەکان هـەروەك خـۆی دەمێنێتـەوە، جگـە لـەوەش ئـەو یاسـایە تازەیـەی کۆمیسـیۆنیش کـە دادوەرەکان هەڵبـژاردن بەڕێوەببـەن، ئەمـەش ئیشـی ئـەو دادوەرانـە نییـە، بەڵکـو ئیشـی دادوەرەکان تەنیـا کاری داوەرییـە و بڕگـەی ٢٥یـش لەیاسـاکە هەیـە، بەپێـی ئـەو بڕگەیـە ئـەو کەسـانەی چەندیـن سـاڵە لـە کۆمیسـیۆن کار دەکـەن، هـەر هەموویـان لاداوە و ئێسـتا چـوار بەڕێوەبـەری گشـتییان هەیـە، کـە یـەك رۆژ هەڵبژاردنیـان بەڕێوەنەبـردووە، ئەمـە کێشـەکانە کـە لـە کۆمیسـیۆن هەیـە.

**یاسای هەڵبژاردنی ئێستا نادادپەروەریی تێدایە و لەبەرامبەر حزبی بچووک و تازەو خۆپیشاندەرانیشدا بوار بەرتەسک دەکاتەوە، بۆیە ئەو یاسایە دابەشکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش قووڵتر دەکاتەوە و مومکینە هەڵبژاردنەکە سێ مانگ دوابخرێت**

**کێشەی ئەساسی ئەوە نییە کە هەڵبژاردنەکە پاک و بێگەردە یان نا، بەڵکو کێشە ئەوەیە متمانە بە پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی نەماوە و متمانە بە حزب و لایەنی سیاسیی گەورە، بەتایبەتی لە خوارووی عێراق نەماوە، باوەڕ بەکۆمیسیۆنی هەڵبژاردن نەماوە و باوەڕ بە دەوڵەت نەماوە، ئەمە کێشەکانە و رەنگە رێژەی بەشداربوو لەدەنگدان زیاد بکات**



**دڵشاد میرانی**

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار بۆ گوڵان :

# بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی و ڕێگرتن لە دابەزینی بەهای دینار، عێراق هیچ ڕێگەیەکی خێراو کاریگەری لە بەردەستدا نییە

**عێراق بە بارودۆخێکی دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێت، خۆ ئەگەر پەرلەمان پرۆژە یاسای قەرزێکی دیکەی بۆ پەسەند نەکات، ئەوا تەنانەت ناتوانێت مووچەکانیش لەکاتی خۆیدا دابەش بکات، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانیش ململانێ سیاسییەکان چڕتر و ئاڵۆزتر دەبنەوە و، شوێنەواری قورستر بەسەر دۆخی داراییدا دەسەپێنن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دڵشاد میران سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار کرد، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی دارایی عێراق تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، چارەسەرەکانیش لە غیابی شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵیدا ناڕوونیی پێوە دیارە، وەکو کەسێکی شارەزا لە کاروباری عێراقدا چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانیت؟**

- لە ئێستادا عێراق لە قەیرانێکی دارایی و سیاسیی گەلێك قووڵدایە، ئەم بارودۆخە سەختە دارایی و سیاسییەش لای هەمووان روون و ئاشکرایە و لای هیچ پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری و چاودێرێکی سیاسی نهێنی نییە، ئەوەتا داهاتی عێراق تەنانەت نزیکەی نیوەی خەرجییەکانی داناپۆشێت، حکومەتیش هیچ پرۆژەیەکی وا خێرا و کاریگەری لەبەردەستدا نییە، کە لەم قەیرانە دەرباز بکات، جگە لەوەی هەوڵبدات قەرز لە دەزگا نێودەوڵەتییەکان، یان لە ناوخۆدا بکات، قەرزکردن لە دەزگا نێودەوڵەتییەکانیش وا ئاسان نییە، بەتایبەتی لە بارودۆخێکی وەك ئێستای عێراقدا کە پێگەی لە متمانەکردن بە قەرزدانەوە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەزگا نێودەوڵەتییەکان قەرز نادەن بە حکومەتێك بۆ ئەوەی مووچەی پێ بدات، بەڵکو ئەوان قەرز بۆ مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە وەبەرهێنان و پرۆژەکان دەدەن، کە کاریگەریی بەهێزی بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی وڵات هەبێت. هەرچی هەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵیشە لەگەڵ پەرلەمان، بۆ ئەوەیە پەرلەمان دووبارە رەزامەندی بدات بۆ وەرگرتنی قەرزێکی دیکە لە ناوخۆدا لەرێگەی بانکەکانی حکومی و بانکە تایبەتەکانەوە، خۆ ئەگەر پەرلەمان لە دواجاردا رەزامەندیی وەرگرتنی ئەم قەرزەش بە حکومەت بدات، ئەوا تەنیا یەك دوو مانگی دیکە حکومەت دەتوانێت خۆی رابگرێت، بەتایبەتی کە هیچ ئاماژەیەك بەوە نییە، بەم نزیکانە نرخی نەوتی خاو بەرز ببێتەوە، ئەویش ئەگەر هاتنی شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا لە جیهاندا نەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی تەندروستی و خراپبوونی ئابووری و سستبوونی کەرتی پیشەسازی و، دواجار دابەزینێکی دیکەی بەهای نەوتی خاو .

*** جگە لەم قەیرانە داراییە لە ناوخۆدا ململانێ سیاسییەکانیش ئاستەنگ لە بەردەم ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە دادەنێت، پێت وانییە نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان و چڕبوونەوەی ململانێکان، کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق دەبێت؟**

- هۆکاری سەرەکیی خراپیی بارودۆخی دارایی و وێرانیی ژێرخانی ئابووریی عێراق بۆ لایەنی سیاسی دەگەڕێتەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەناو ململانێیەکی سەختی حزبە سیاسییەکاندا نەیانتوانیوە وڵات بگەیەننە دۆخێکی ئابووریی باش، ئەمە جگە لە بوونی هێزی چەکداری زۆر لە دەرەوەی یاسا و نائارامی و ناسەقامگیری لە عێراقدا، هەروەها ئەو ململانێ قورسەی لە ناوچەکە هەیە کە کاردانەوەی سلبیی لە ناوخۆی عێراقدا دروست کردووە، بەتایبەتی لەنێوان نفووزی ئێرانی و دەسەڵاتی ئەمریکادا، بۆ نموونە هەڕەشەکانی ئەمریکا لە حکومەتی عێراق بە کشانەوەی باڵیۆزخانەکەی لەکاتی رانەوەستانی هێرشەکان بۆ سەر دامودەزگا و هێزەکانی، کاریگەری و شوێنەواری توندی لەسەر خراپبوونی زیاتری بارودۆخی دارایی

**دەزگا نێودەوڵەتییەکان قەرز نادەن بە حکومەتێک بۆ ئەوەی مووچەی پێ بدات، ئەوان قەرز بۆ مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە وەبەرهێنان و پڕۆژەکان دەدەن**

**حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەناو ململانێیەکی سەختی حزبە سیاسییەکاندا نەیانتوانیوە وڵات بگەیەننە دۆخێکی ئابووریی باش، ئەمە جگە لە بوونی هێزی چەکداری زۆر لە دەرەوەی یاسا و نائارامی و ناسەقامگیری لە عێراقدا**

و سیاسی دەبێت، چونکە ئەم بابەتە تەنیا کشانەوە، یان داخستنی باڵیۆزخانە نییە، بەڵکو مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، کە ئەمریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هاوشێوەی ئێران مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو هێز و میلیشیایانەی شیعە کە لە رووی عەقیدەوە پشتگیریی ئێران دەکەن، ئەوانیش بەهۆی بارودۆخی قەیرانی دارایی عێراقەوە لاواز بوون و حکومەتی عێراق ناتوانێت وەك پێشان تەمویلیان بکات، بۆیە ئەمەش ئاستەنگێکی دیکە بۆ حکومەتی عێراق دروست دەکات، کە ئەو گرووپ و تاقمانە پابەندی بڕیارەکانی حکومەت نەبن، ئەمەش وەك جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانە دەردەچێت کە حکومەتی عێراق بە حکومەتی ئەمریکای داوە. تا لێرەدا گرفتە سیاسییەکان بەرامبەر حکومەت زەق دەبنەوە، ئەو گرووپ و تاقمانەی وەك (ربع الله و حبایب الله و...هتد) کە ئەرکی سەرەکییان نانەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیرییە و تەنانەت ئیستغلالی خۆپیشاندانەکانیشیان کرد و، توندوتیژییان دروست کرد و، چەندین برینداری لێ کەوتەوە. ئەم بارودۆخە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان کە وا بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوە بچێت، زیاتر ئاڵۆز دەبێت، هەرچەندە زۆربەی چاودێران پێیان وایە هەڵبژاردنەکان زەحمەتە لەو بەروارەدا بکرێت.

**ئەو هێز و میلیشیایانەی شیعە کە لە رووی عەقیدەوە پشتگیریی ئێران دەکەن، بەهۆی بارودۆخی قەیرانی دارایی عێراقەوە لاواز بوون و حکومەتی عێراق ناتوانێت وەک پێشان تەمویلیان بکات، بۆیە ئەمەش ئاستەنگێکی دیکە بۆ حکومەتی عێراق دروست دەکات، کە ئەو گرووپ و تاقمانە پابەندی بڕیارەکانی حکومەت نەبن**

**ئەم بارودۆخە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان کە وا بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوە بچێت، زیاتر ئاڵۆز دەبێت، هەرچەندە زۆربەی چاودێران پێیان وایە هەڵبژاردنەکان زەحمەتە لەو بەروارەدا بکرێت**

*** کەواتە بەپێی ئاماژە و پێشبینییەکان زۆر زەحمەتە حکومەتەکەی کازمی بتوانێت بەو پێشنیاری ئەو وەرەقە سپییەی کە ئامادەی کردووە، وا بە ئاسانی وڵات لە قەیرانی دارایی دەرباز بکات؟**

- پێشنیاری وەرەقەی سپی بۆ چاکسازی و رێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان، بڕیار نییە، بەڵکو سەرەتا دەبێت لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، لە رووی پراکتیکییەوە ژینگەیەکی لەباری دەوێت، لەمەش زیاتر جێبەجێکردنی هەموو پێشنیارەکانی ناو وەرەقەی سپی، بەلایەنیکەم سێ بۆ چوار ساڵی دەوێت و، هەندێك بڕگەی تا ١٠ ساڵیشی پێویستە تاوەکو رەوشی ئابووریی عێراق بخاتەوە سەر پێی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا گرفتی کات گەورەترین لەمپەرە لە بەردەم چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و ئابووریدا، رەنگە لەم قۆناغەدا بتوانرێت خەرجییەکانی حکومەت تا رادەیەك کەم بکرێتەوە، بەڵام وا بەخێرایی ناتوانرێت کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێش بخرێت و، سێکتەرەکانی دارایی و بانکی هاوشێوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان راست بکرێتەوە، کە تەنیا لە مەودایەکی درێژخایەنی ٥-١٠ ساڵی دەوێت، بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیەی کە لە وەرەقەی سپی پێشنیار کراوە، بچێتە پێشەوە، ئەمە لەکاتێکدا خەڵکی چاوەڕوانی مووچە و باشبوونی بارودۆخی دارایی دەکەن.

**رەنگە لەم قۆناغەدا بتوانرێت خەرجییەکانی حکومەت تا رادەیەک کەم بکرێتەوە، بەڵام وا بەخێرایی ناتوانرێت کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێش بخرێت و، سێکتەرەکانی دارایی و بانکی هاوشێوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان راست بکرێتەوە**

*** باشە ئەگەر بەم نزیکانە نەتواندرێت بارودۆخی دارایی و ئابووری راست بکرێتەوە و وەرگرتنی قەرزی دەرەکییش کاتی بوێت و لە ناوخۆشدا ئەو بڕە پارەیە نەبێت، ئەمەش دۆخی سیاسی وڵات بێت، ئایا چارەنووسی مووچە و مووچەخۆران چی بەسەر دێت؟**

- ئەگەر چارەسەری کۆرۆنا و رەوشی ئابووریی وڵاتانی پیشەسازیی دووبارە نەبووژێتەوە و بەهای نەوتی خاو نەگەڕێتەوە ئاستی جارانی، ئەوا زۆر زەحمەتە چاوەڕوانی باشبوونی بارودۆخی دارایی و ئابووری عێراق بین، تەنیا چارەسەر لە بەردەم عێراقدا ئەوەیە، یان دەبێت دەست ببات بۆ یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی، یا بڕە پارەیەکی زۆر لە دیناری عێراقی چاپ بکات، ئەمەش بێ ئەوەی پاڵپشتییەکی دراوی قورس و زێڕی هەبێت، کە دواجار بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی کەم دەبێت، واتا حکومەتی عێراق هیچ چارەسەرێکی خێرا و باشی لەبەردەمدا نییە، رەنگە پەنابردن بۆ ئەو رێگایانە مووچەکان دابین بکات، بەڵام بەهای دینار ئەوەندە دێتە خوارەوە، ناڕاستەوخۆ بەهای مووچە کەم دەبێت و هەڵاوسان روو دەدات .

*** لەناو ئەم پاشاگەردانییەی عێراقدا هەرێمی کوردستان کە خۆی لە قەیرانێکی سەختی داراییدایە، چی بکەین بۆ ئەوەی لەلایەك رووبەڕووی شەپۆلەکانی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی ببینەوە، لەلایەکی دیکەوە لە بەغدا هەوڵی بەدەستهێنانی ماف و شایستە داراییەکانمان بدەین؟**

- بێگومان هەرێمی کوردستانیش لە قەیرانێکی دارایی قووڵدایە؛ ئەو ویست و خواستەش کۆتایی هاتووە کە داوای دەکرد رووبکەینەوە بەغدا، ئێستا بەغداش پارەی نەماوە و لە قەیراندایە، هەربۆیە دەبێت خۆمان هەنگاوەکانی هەڵسانەوەی

ئابووری بنیێن، لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی سێکتەرە ئابوورییەکان و ڕێکخستنەوەی بواری دارایی و خێراکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و ڕێکخستنی داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتە نەوتییەکان، هەروەها بوونی سەقامگیری و ئارامی هەلێکی باشتر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەخشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی، بەتایبەتی ئەگەر ئیرادەی سیاسی لە ناو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە بۆ چاکسازی هەبێت، بارودۆخەکە ڕوو لە باشی دەکات، چونکە ئەگەر بارودۆخی دارایی لەوە زیاتر تێکبچێت، کەس براوە نابێت و لەهەمووان تێك دەچێت.

*** نزیکبوونەوەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە بەرهەمەکەی ڕێککەوتنی شنگال و گفتوگۆکانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، تاچەند ئەم نزیکبوونەوەیە دەتوانێت بۆ هەردوو لا سوودبەخش بێت؟**

- نزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق هەیە؛ دیارە کازمی هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بەتایبەتی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوەتا ڕێککەوتنی شنگال بۆ ئاساییبوونەوەی دەڤەرەکە زۆر گرنگ بوو، ڕەنگە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دیکەش ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە خودی کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق چەندی پێ دەکرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی نییە بە تەنیا خۆی بڕیار بدات، ئەمیش لەلایەن ئەو هێزانەی عێراقەوە هەڕەشەی لەسەرە و دیانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت لاوازی بکەن، بۆیە بە بۆچوونی من ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە لە ناوچە جێناکۆکەکان کاتی دەوێت، بەتایبەت لە بوونی بەرهەڵستکارییەکی زۆری لایەنی عەرەبی و تورکمانی و حزبە شیعەکانی لایەنگری ئێرانەوە، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان دژایەتیکردنی هەرێم یەکێکە لەو دروشمانەی کە دەنگی کۆمەڵگەی شیعە و عەرەبی بۆخۆیان ڕابکێشن.

*** باسی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانت کرد، پێت وانییە بوونی پەکەکەش لە شنگال هەڕەشەیەکە لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەی شنگال و ئاساییبوونەوەی دۆخی ئەو ناوچانە؟**

- هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانن کە بوونی پەکەکە لە ناو هەرێمی کوردستان و لە ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان، بوونێکی ناشەرعی و نایاساییە، هەر خۆی لە خۆیدا بوونی پەکەکە لە شنگال جێگای پرسیارە و بۆ ئەو مەرام و ئەجێندە سیاسییانەی وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فراوانی پاوانخوازیی شیعەدایە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە هەیەتی، کە یەکێکە لەو دەروازانەی ئێران بەنیاز بوو نفووزی خۆی تێدا فراوان بکات و، بگاتە سووریا و ناوچەی دەریای ناوەڕاست، هەر لەم چوارچێوەیەدا هێزەکانی پەکەکە و حەشدی شەعبی لەم ناوچە کوردستانییەدا خۆیان حەشار داوە.

*** ئەگەر شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا ڕووی لە جیهان کردو گەشەی پیشەسازیی گەورە وڵاتانی ڕاوەستاند و بەهای نەوتی خاو دابەزینێکی دیکەی بەخۆوە بینی، ئەو کات عێراق چۆن ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبێتەوە و دۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات؟**

- کۆرۆنا جگە لەوەی پەتایەکی جیهانییە، هاوکات بووەتە واقیعێك و لە غیابی ڤاکسین و چارەسەرێکدا بەردەوامیی هەیە و شوێنواری مەترسیداریشی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی جیهان دەبێت، لە هەموو دنیادا چی دیکە ناتواندرێت بەردەوامی بە قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی ئابووری بدەن، چونکە بەرپرسیارێتی کەوتۆتە سەر بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسی و ئێستا گەورە وڵاتانی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا، لەبەردەم شەپۆلێکی زۆر بەهێزی کۆرۆنادان و هەموو ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن، ئەم شەپۆلە ڕوو لە ناوچەی ئێمەش بکات، خۆ ئەگەر بەهای نەوتی خاو ڕوو لە دابەزین بکاتەوە، ئەوا عێراق ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی گەورەتری بودجە دەبێتەوە. هەموو ئەم ئەگەر و پێشبینییانەش بۆ ئەوەمان دەبات، کە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە لێرەوە چۆن پشت بە خۆمان ببەستین و ژێرخانی خۆمان پتەو بکەین.

**دەبێت خۆمان هەنگاوەکانی هەڵسانەوەی ئابووری بنێین، لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی سێکتەرە ئابوورییەکان و ڕێکخستنەوەی بواری دارایی و خێراکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و ڕێکخستنی داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتە نەوتییەکان**

**ڕێککەوتنی شنگال بۆ ئاساییبوونەوەی دەڤەرەکە زۆر گرنگ بوو، ڕەنگە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دیکەش ڕەنگدانەوەی هەبێت**

**بوونی پەکەکە لە شنگال جێگای پرسیارە و بۆ ئەو مەرام و ئەجێندە سیاسییانەی وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فراوانی پاوانخوازیی شیعەدایە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە هەیەتی**


عمران ئەل باداوی

پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هۆستۆن بۆ گوڵان:

# بردنەوەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ترەمپەوە سیناریۆیەکی مەترسیدارە بۆ گەلی ئەمریکا

عمران ئەل باداوی پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هۆستۆن. دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ، داڕێژەری چەندین پرۆگرامی دیراساتی مرۆیی و زانستییە لەم زانکۆیە، وەك دیراساتی عەرەبی-رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیراساتی ئایینی و دیراساتی پەیوەست بە وزە و پەرەپێدان، بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی حوکمڕانی لەم ناوچەیە و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لەم ناوچەیە و پرسی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## دیمانەی تایبەت



**ئاماژەی بوونی حوکمڕانیی باش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی ناکەین**

*** چۆن لـە بارودۆخـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی کە دەبینین هەندێ لـە وڵاتانی ئـەم ناوچەیـە بـە بارودۆخـی شـڵەژان و ناسـەقامگیری و بگـرە داڕووخانـدا دەڕۆن؟**

- لـە ڕاسـتیدا کێشـەکە ئەوەیـە کـە ئێمـە ئاماژەی بوونـی حوکمڕانیـی بـاش لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـەدی ناکەیـن، ئیـدی لـە لیبیـا بێـت، یـان لوبنـان، واتـە هەنـدێ لـە وڵاتانـی ئـەم ناوچەیـە بـە ڕاسـتی وڵاتـی شکسـتخواردوون، بـەڵام سـەرەتا دەبێـت بڵێیـن پێویسـتە ئـەم وڵاتانـە چیـدی وڵاتـی شکسـتخواردوو نەبـن، بـە واتایەکـی دیکـە پێویسـتە چیتـر بـە ئاراسـتە و ئاقـاری هەڵـەدا هەنـگاو نەنێـن، ڕەنگـە ئەمـەش بـە واتـای ئـەوە بێـت کـە حکومەتێکـی نـوێ هەڵبژێـرن، کـە بـە دڵنیاییـەوە ئەمـەش پرۆسـەیەکی زۆر بـە ئـازارە، کـە ئێمـە ئـەم حاڵەتەمـان لـە سـەروەختی بەهـاری عەرەبیـدا بینـی، هەروەهـا ئـەم دۆخەمـان لـە ئێرانـدا بینـی.

*** ئایا ئێوە لە ئاست ئەم پەرەسەنداندانە ڕەشبینن، یان بە واتایەکی دیکە پێتان وایە هیچ ئەگەرێکی باشتربوونی بارودۆخەکە لە ئارادا بێت؟**

- مـن تـا ڕاددەیـەك گەشـبینم، بـا سـەرەتا ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە لـە ئێسـتادا شـەڕ و ناکۆکییەکـی نوێ لـە نێـوان ئەرمینیـا و ئازەربایجانـدا دروسـت بـووە، کـە ئەمـەش ناکۆکییەکـی کۆنـە و ڕەنگـە برینێـك بێـت بـۆ سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانی بگەڕێتـەوە، لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنـی دەسـتێوەردانی ڕووسـیا. کـە ئـەم جـۆرە کێشـانە لەئـارادان و بـەردەوام دەبـن، و لێـرەدا پرسـیارەکە ئەوەیـە، ئایـا کێشـەی کـورد و کێشـەی فەلەسـتین چییـان بەسـەردێت، پرسـیارەکە ئـەوە نییـە ئایـا کـورد، یـان فەلەسـتینەکان ڕاپەڕیـن

**ئەمریکا هێز و دەسترۆیشتوویی و پێگەی لە جیهاندا کەم بۆتەوە و چیتر ناتوانێت لە ڕێی کاریزمای سیاسی و نموونە ئەرێنییەکانی دیکەوە کاریگەریی بەسەر جیهانەوە هەبێت**

**تاکە ڕێگاچارەیەک مابێتەوە لەبەردەم ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر ڕەوتی ڕووداو و پەرەسەندنەکانەوە کاریگەر بێت، بریتییە لە بەکارهێنانی هێز**

**بەهۆی حەتمییەتی ڕاپەڕینی گەلانی ئەم حکومەتانە و پێویستیی هێنانەئارای حکومەتێکی نوێ، کە هەروەک وتم ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن و بە ئازار دەبێت، ئەوا دەبێت سیستمێکی نوێ بێتەئاراوە**

**لە مەودای نزیکدا خۆڕێکخستنەوە لەگەڵ هێزە جیهانییەکانی دیکەدا بەدی دەکەین، لە ئایندەی دووریشدا هیچ ڕێگایەکی بەرەپێشچوون نییە جگە لە جێبەجێکردنی ویست و ئیرادەی گەلانی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی ئەم گەلانە چیتر بێدەنگ نابن**

دەکەن یان نا، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کەی ئەم ڕاپەڕینە دەکەن، کە ڕاپەڕینەکەشیان لەبەر نادادپەروەریی ئابووری دەبێت، واتە ئەوەی پێی دەووترێت شۆڕشی هەژار و برسییەکان، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا ڕوودەدات یان نا، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کەی ڕوودەدات. گەشبینییەکەی منیش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم گەلانە چیتر لەوە ناترسن کە شەڕ لە پێناوی ژیانی خۆیاندا بکەن و شەڕ لە پێناوی خێزانەکانیاندا بکەن. کەواتە ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم گەلانە ڕادەپەڕن، ئەوا دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە دەبێت سیستمێکی نوێ و حکومەتێکی نوێ بێتە دامەزراندن، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن و بە ئازارە، بەڵام ئێستا ئەم ڕێگایە گیراوەتەبەر و ئەمەش هەواڵە باشەکەیە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە نادادپەروەریی ئابووری کرد، وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەو گەلانەی ڕووبەڕووی ئەم نادادپەروەرییە بوونەتەوە، ئایا پێت وایە هەنگاوی سەرەتایی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە لە چاکسازیکردن لە سیستمی ئابووریدا دەستپێدەکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەم سیستمە ئابوورییانە دەبێت ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و دەبێت چاکسازییەکی تەواویان تێدا ئەنجام بدرێت، نابێت چیتر ئابووری تەنیا لەسەر بنەمای داهاتی نەوت بنیات بنرێت.

*** خاڵێکی دیکە پەیوەستە بە کاریگەری و دەسترۆیشتوویی هێزە دەرەکییەکان، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی ئەم کاریگەرییە لەسەر ئەو پرۆسەی چاکسازییەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، چۆن دەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا لەئێستادا و بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ و شێوازی سیاسەتکردنی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە، داکشانی دەسترۆیشتوویی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی ئەو وڵاتە بەدی دەکەین، کە ئەمەش نزیکەی دەیەیەکە لە ئارادایە، لە دەرئەنجامدا ئەمریکا هێز و دەسترۆیشتوویی و پێگەی لە جیهاندا کەم بۆتەوە و چیتر ناتوانێت لە ڕێی کاریزمای سیاسی و نموونە ئەرێنییەکانی دیکەوە کاریگەریی بەسەر جیهانەوە هەبێت، بۆیە تاکە ڕێگاچارەیەك مابێتەوە لەبەردەم ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەر ڕەوتی ڕووداو و پەرەسەندنەکانەوە کاریگەر بێت، بریتییە لە بەکارهێنانی هێز، ئیدی هێزی سەربازی بێت، یان هێزی ئابووری، وەك سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا و گرتنەبەری هەندێ ڕێکاری ئابڵۆقەئامێز لە ئاست وڵاتی چیندا. ئەمە تاکە گەرەنتییەکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێی تێ دەگات و جیهانیش لەوە تێگەیشتووە کە ئەمریکا دەتوانێت چی بکات. لەم ڕووەوە جیهانیش کاردانەوە و پەرچەکرداری خۆی هەیە و بەو شێوەیە وەڵامی ئەمریکا دەداتەوە کە شایستەیەتی، چونکە ئەگەر تۆ شەڕێك هەڵبگیرسێنیت، ئەوا شەڕەکە بەردەوام دەبێت و ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی دەبیتەوە. لەلایەکی دیکەوە تۆ وڵاتان و هێزی دیکەت هەن، وەك چین کە پرۆژەی یەك پشتێنە و یەك ڕێگای هەیە، هەروەها ڕووسیاش کە هێزی سەربازی بەکار دەهێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەمان کاتدا وڵاتانی دیکەی ناوچەییش هەن وەك تورکیا و ئێران کە مومارەسەی دەسترۆیشتوویی خۆیان دەکەن. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا حکومەتەکانی ناوچەکە لە چەقبەستندان و بە بنبەست گەیشتوون؟ لێرەدا من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە بەهۆی حەتمییەتی ڕاپەڕینی گەلانی ئەم حکومەتانە و پێویستیی هێنانەئارای حکومەتێکی نوێ، کە هەروەك وتم ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن و بە ئازار دەبێت، ئەوا دەبێت سیستمێکی نوێ بێتەئاراوە.

*** کەواتە پێت وایە بەهۆی داکشانی دەسترۆیشتوویی و کاریگەریی ئەمریکاوە، وڵاتانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا پتر پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵ دەکەنەوە؟**

- من پێم وایە بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە، حکومەتەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە پتر پەیوەندیی نزیك لەگەڵ هێزەکانی دیکەی وەك ڕووسیا و چین و یەکێتی ئەورووپا گرێ بدەن، بۆ نموونە ئێران پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا هەبوو پێش ئەوەی دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات بگرێتەدەست و ڕەنگە تەنانەت دەسەڵات لەگەڵ هیندستاندا گرێ بدەن. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە جیهان کۆتایی پێ بێت، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە گۆڕانکاری بەسەر جیهاندا دێت. کەواتە لە مەودای نزیکدا خۆڕێکخستنەوە لەگەڵ هێزە

جیهانییەکانی دیکەدا بەدی دەکەین، لە ئایندەی دووریشدا هیچ ڕێگایەکی بەرەوپێشچوون نییە جگە لە جێبەجێکردنی ویست و ئیرادەی گەلانی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی ئەم گەلانە چیتر بێدەنگ نابن.

*** لە ئێستادا باسی گەرم و مشتومڕهەڵگر بریتیە لە هەڵبژاردنە سەرۆکاییەتییەکەی ئەمریکا، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە و ئاکامەکانی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟**

- سەرەتا با ئەوە بڵێم کە بۆ ماوەی پتر لە چوار ساڵە گەلی ئەمریکا دوچاری حاڵەتێکی ترس بۆتەوە، ئەویش بەهۆی هەڵکشانی پۆپۆلیزم و بەرفراوانبوونی نارەزایەتیی مەدەنی، هاوشان بە گرتنەدەستی دەسەڵاتیش لەلایەن ترەمپ و پەراوێزخستنی دامەزراوەکان و بەهێزبوونی ڕەوتی ناسیۆنالیستی راستڕەو بە چەشنێکی زۆر مەترسیدار، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ترساندنی خەڵکی ئەمریکا، بە شێوەیەك کە خەڵکی باس لە ترس و نیگەرانیی بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕی رەگەزپەرستی، یان شەڕی ناوخۆیی دەکەن، کە رەنگە ئەمانە سیناریۆی دوور بن، بەڵام هەموو شتێکیش مومکینە. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەوا ئەگەر سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێت و جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە سیناریۆیەکی مەترسیدار دەبێت بۆ زۆرێك لە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە هەر لایەنێك بدۆڕێت، ئەوا بانگەشەی ئەوە دەکات کە لایەنەکەی دیکە ساختەکاریی کردووە، ئەمەش گورزێك دەبێت بۆ کولتووری دیموکراسی لەم وڵاتەدا، چونکە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێتە سەرمەشق و پێشەنگی دیموکراسی. کەواتە ترس و نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لە ئاست ئەم هەڵبژاردنانەدا، چونکە هەڵبژاردنەکە بۆتە گەمەی سفر و سەت، بە واتای ئەوەی هەر کەسێك بدۆڕێت، ئەوا دۆڕاوی گەورە و یەکجاری دەبێت، کە ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر ناتەندروستە لە هەر وڵاتێکی دیموکراسیدا روودات، چونکە لە ئێستادا ئێمە ژمارەیەکی پێوانەیی ئەو کەسانە دەبینین کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەکەن و تەنانەت بگرە ژمارەیەکی پێوانەیی میلیشیا دروست بوون، کە دەیانەوێت دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، کە ئەمە لە مێژووی ئەمریکادا رووی نەداوە و تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخدا پەرەسەندنی لەم چەشنە لە هیچ دیموکراسییەکی دامەزراودا روویندەداوە. کەواتە لەماوەی چوار ساڵی رابردودا ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی فاشستی هەڵسوڕاوە، لەبەر ئەوە ئەگەر دووبارە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات بگرێتەوە دەست، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ئاستێك سنووربەندییەکانی سەر دەسەڵات هەڵدەگرێت؟ هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی سیاسەتی دەرەوە، ئەوا ئەو سیاسەتەی بە سەرپەرشتی جارێد کۆشنەر پیادە کراوە لە پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی ئیسرائیل و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە ئێستا سودانیش پەیوەندی بەم کاروانەوە کردووە، کە ئەمەش وەك پیادەکردنی زۆرەملێی سیاسەتی پشتیوان بە رۆژئاوا و بە سەرمایەداری و بە ئیسرائیل دەردەکەوێت و دژ بە رووسیا و چین و فەلەستینە، ئەوا ئەم رەوتە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت.

*** کەواتە ئێوە پێتان وانییە ئەم ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە کە لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەنجامدراوە هیچ لایەنێکی ئەرێنی نەبێت؟**

- من هێندەی کەسانێکی دیکە رەخنەگر نییم لەم ڕێککەوتنانە، چونکە دەبێت ئێمە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تەنیا کارێکی خیانەتکارانەیە، یان دەکرێت ئەگەری ئەوەی لێ بکرێت کە دەرئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە، بەڵام دەبێت رەچاوی فەلەستینیش بکرێت و جۆرێك لە ڕێککەوتنیش لەگەڵ ئەواندا بکرێت، کە پێم وایە ئەگەر ترەمپ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا هەرگیز ئەم لایەنە لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام ئەگەر بێتو بایدن براوە بێت ئەویش زۆر پشتیوانکارە لە ئیسرائیل، بەڵام هەندێ ئاماژە هەن بەوەی دووبارە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی تووڕەکردنی ئیسرائیل، واتە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بایدن لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا، هاوشێوەی سیاسەتی دەرەکی سەروەختی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما دەبێت، لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

**بۆ ماوەی پتر لە چوار ساڵە گەلی ئەمریکا دووچاری حاڵەتێکی ترس بۆتەوە، ئەویش بەهۆی هەڵکشانی پۆپۆلیزم و بەرفراوانبوونی نارەزایەتیی مەدەنی، هاوشان بە گرتنەدەستی دەسەڵاتیش لەلایەن ترەمپ و پەراوێزخستنی دامەزراوەکان و بەهێزبوونی رەوتی ناسیۆنالیستی راستڕەو بە چەشنێکی زۆر مەترسیدار**

**خەڵکی باس لە ترس و نیگەرانیی بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕی رەگەزپەرستی، یان شەڕی ناوخۆیی دەکەن، کە رەنگە ئەمانە سیناریۆی دوور بن، بەڵام هەموو شتێکیش مومکینە**

**ئەگەر سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێت و جۆ بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە سیناریۆیەکی مەترسیدار دەبێت بۆ زۆرێک لە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

**ژمارەیەکی پێوانەیی میلیشیا دروست بوون، کە دەیانەوێت دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، کە ئەمە لە مێژووی ئەمریکادا رووی نەداوە**



# دیمانەی تایبەت

نادر هاشمی بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سکووڵی جۆزێف کۆربێڵ لە زانکۆی دەنڤەر، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆری سیاسی، سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاین و سیاسەت، سیاسەتی بەراوردکاری، پەیوەندییەکانی رۆژئاوای و ئیسلام و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ شرۆڤە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

نادر هاشمی

بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# ترەمپ هەوڵی مانەوە لە دەسەڵاتدا دەدات، ئەگەر هەڵبژاردنەكانیش بدۆڕێنێت

*** سەرەتا دەمانەوێت لە هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكاوە دەست پێ بكەین، كە مشتومڕ و قسەوباسێكی زۆری لەبارەوە دەكرێت، بە گشتی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە چییە؟**

- هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە كە ئەمە گرنگترین هەڵبژاردنە، نەك تەنیا لە ئەمریكا، بەڵكو لە مێژوی جیهاندا، و بە تێڕوانینی من دەرئەنجامەكانی لێكنزیك دەبن و لەم ساتەوەختەدا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان روون نیین، ترس و نیگەرانیی گەورەی من ئەوەیە كە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە رێی بانگەشەكردنی ئەوەی پێویستە دەنگی ئەو كەسانە پوچەڵ بكرێتەوە كە لە رێی ئیمەیڵەوە دەنگیان داوە، هەوڵی دزینی هەڵبژاردنەكان بدات، هەروەها هەوڵی ئەوە بدات كە ئەم پرسە بگەیەنێتە دادگا، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان لە دادگا یەكلابكرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت، نەك دەنگدەر و خەڵكی ئەمریكا ئەم بڕیارە بدەن. لەم روانگەیەوە من پێم وایە لە دوای هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەوە لە سێ-ی نۆڤەمبەر پشێویی و شڵەژانێكی زۆر لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا روودەدات و لە ئێستادا دیار نییە كە كێ براوە دەبێت.

*** كەواتە باوەڕت وایە ئەگەر بێتو سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەكاندا بدۆڕێت، ئەوا بە ئاسانی دەستەبەرداری دەسەڵات نابێت؟**

- دەقا و دەق وایە، بە باوەڕی من، ئەگەر سەرۆك ترەمپ هەڵبژاردنەكان بدۆڕێنێت، ئەوا لە رێی بانگەشەكردنی ئەوەی كە هەڵبژاردنەكان ئازاد و دادپەروەرانە نەبوون، هەر كارێك كە مومكین بێت ئەنجامی دەدات، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. وەك ئاماژەم پێ كرد، ئەویش لە رێی پەنابردنەبەر دادگاو بە ئامانجی ئەوەی دادگا پرسی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكانی یەكلابكاتەوە، هەروەك ئاشكرایە كە سەرۆك

**ئەگەر سەرۆک ترەمپ هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت، ئەوا لە رێی بانگەشەکردنی ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان ئازاد و دادپەروەرانە نەبوون، هەر کارێک کە مومکین بێت ئەنجامی دەدات، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە**

دۆناڵد ترەمپ توانی کاندیدەکەی بۆ ئەندامێتیی دادگای باڵای ئەمریکا تێپەڕێنێت، ئەم کارەشی لەبەر ئەوەکرد کە پێی وایە ڕەنگە پرسی هەڵبژاردنەکان لە دادگای باڵا یەکلا بکرێتەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە سەرسەختانە شەڕی مانەوە لە دەسەڵاتدا دەکات تەنانەت ئەگەر بە پێی ئەنجامی دەنگدانەکەش هەڵبژاردنەکە بدۆڕێنێت.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت، بە تایبەتی لە ئاست ناوچەیەکی ستراتیژی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- بە باوەڕی من دەکرێت سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بە کارەساتبار ناوزەد بکەین، دوایین کارەساتیش بریتیە لەو ڕێککەوتنە نهێنییانەی کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕێکیخست لە نێوان سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ و دوو دەوڵەتانی عەرەبی، لە ئێستاشدا سودانیش هاتۆتە نێو ئەم هاوکێشەیەوە، کە محەمەد بن سەلمان شازادی جێنشینی سعودیە ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ڕێکخستن و زەمینەسازکردن بۆ ئەم پەرەسەندنانە.

*** بەڵام بۆچی ئێوە ئەم ڕێککەوتنانە و ئەم ئاساییبوونەوەی پەیوەندییانە لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا بە کارەسات ناو دەبەن؟**

- لەبەر ئەوەی ئەمە ئاشتییەکی ساختەیە و هیچ شتێك پێشکەش بە فەلەستینییەکان ناکات و دەبێتەهۆی باسك ئەستوربوونی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە، هەروەها داگیرکاریی ئیسرائیلیش لە ناوچەکەدا بەهێز دەکات، واتە لە کاتێکدا ئەم ڕێککەوتن و پەرەسەندنانە وەك بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەرەو ئاشتی و سەقامگیری وێنا کراون، بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەکەی ڕاستە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گەورەترین دۆستی دیکتاتۆر و تاکڕەوەکانی ناوچەکەیە و بە ژەنەڕاڵ عەبدولفەتاح ئەل سیسی دەڵێت دیکتاتۆرە دڵخوازەکەم، لە هەمان کاتدا سزای خەڵکی ئێران دەدات و برسییان دەکات لە ڕێی ئابڵۆقە سەختەکەیەوە بەسەر ئەو وڵاتەدا، کە ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵکی ئێران قوڵتر کردۆتەوە، لە کاتێکدا کاریگەریی نەبووە لەسەر دەسەڵاتی حوکمڕان لە ئێراندا. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەوە دەتوانین بڵێین زۆر زەحمەتە ئاماژە بە دەستکەوتێك، یان خاڵێکی ئیجابی بکەین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی هێنابێت، خۆ ئەگەر بێتو سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە لە هەڵبژاردنەکان و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتی کارکردنە بەدی دەکەین.

*** ئێوە تێڕوانینێکی نەرێنیتان لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی هەیە و پێتان وایە کە کێشەکان چارەسەر ناکات و مایەی ناسەقامگیری زیاتر دەبن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی پشت ئەم ڕێکەوتنانە چین؟**

- هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە خزمەت بە دەوڵەتە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکان دەکات، هەروەها پاڵنەرەکەی هەوڵی ئیسرائیلە بۆ ئەوەی خاکی زیاتری فەلەستین داگیربکات، هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ پێویستی بەوە هەبوو بانگەشەی ئەوە بکات لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستکەوت و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لە ڕێی ئەوەی پێی دەڵێن ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکاندا.

*** بەڵام پێت وانییە ناوچەکە پێویستی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکانی هەبێت؟**

- لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی عاقڵمەند لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکاندان، بەڵام ئاساییکردنەوە بە مەرجی ئەوەی گەلی فەلەستینیش هەندێ دادپەروەری بەدەست بهێنن، ئەوەی تائێستا کراوە ئاشتی نییە لە نێوان ئیسرائیل و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو ئاشتییە لە نێوان ئیسرائیل و حوکمڕانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەم هۆکارە پێم وانییە درێژە بکێشێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سەپاندنی سزای سەخت کرد لەلایەن ئیدارەی سەرۆك ترەمپەوە لە ئاست ئێران، ئایا پێت وایە تا چ ڕاددەیەك بەکارهێنانی گوشاری ئابووری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، کاریگەرییان دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە ئەوا ئەم ڕێگاچارەیە سەرکەوتنی بەدەست

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ توانی کاندیدەکەی بۆ ئەندامێتیی دادگای باڵای ئەمریکا تێپەڕێنێت، ئەم کارەشی لەبەر ئەوەکرد کە پێی وایە ڕەنگە پرسی هەڵبژاردنەکان لە دادگای باڵا یەکلا بکرێتەوە**

**لە کاتێکدا ئەم ڕێککەوتن و پەرەسەندنانە وەک بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەرەو ئاشتی و سەقامگیری وێنا کراون، بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەکەی ڕاستە**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گەورەترین دۆستی دیکتاتۆر و تاکڕەوەکانی ناوچەکەیە و بە ژەنەڕاڵ عەبدولفەتاح ئەل سیسی دەڵێت دیکتاتۆرە دڵخوازەکەم**

**زۆر زەحمەتە ئاماژە بە دەستکەوتێک، یان خاڵێکی ئیجابی بکەین کە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی هێنابێ**

نەهێناوە، چونکە سەرۆک ترەمپ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئێران چۆک دادەدات و دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێی ئاشتی بکرێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەک لە ئارادا نییە بەوەی ئێران لە خۆبەدەستەوەدان بە ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی هەبێت، ئەمە شکستێک، شکستێکی دیکە ئەوەیە سەرۆک ترەمپ پێی وابوو ئەم سزا سەختانە دەبنەهۆی لاوازکردنی خەون و دەستێوەردانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەی جیهان، هەرچەندە ئەمە لە بەشێکیدا ڕاستە، بەڵام دەبینین هێشتا ئێران لە عێراقدا چالاکە، هێشتا ئێران پشتیوانی لە حوسییەکانی یەمەن دەکات و تا ئێستاش ئێران پاڵپشتی لە بەشار ئەسەد دەکات، هەروەها هاوکاریی حزبوڵای لوبنانیش دەکات، کەواتە هیچ بەڵگەیەک نییە ئاماژە بەوە بکات کە خەونەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بە ڕادەیەکی گەورە لاواز بوبن، لەوەش زیاتر ئێران دەستیکردۆتەوە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، ئەو پرۆگرامەی لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا بوو. لەبەر ئەوە من نازانم کامە سەرکەوتنی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپە لە ئاست ئێراندا، بەڵکو من تەواو پێچەوانەی ئەمە دەبینم.

*** ئایا ئەگەر جۆ بایدن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا ڕوودەدات؟**

- نەخێر گۆڕانکاریی گەورە، یان جددی لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ناوچەکەدا ڕوونادات، ئەگەر بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا هەندێ گۆڕانکاری لە گوتاری ئەمریکا ڕوودەدات و هەندێ ڕەخنە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە دەگیرێت، هەروەها ڕەخنە لە سیاسەتی تورکیا لە ناوچەکە و ڕەخنە لە سعودیە و نەرمە ڕەخنەش لە ئیسرائیل دەگیرێت، بەڵام گۆڕانکاری گەورە ڕوونادات.

*** ئەی سیاسەتی جۆبایدن لە ئاست ئێراندا چۆن دەبینی؟**

- حاڵەتی ئێران جیاوازە، واتە ئەگەر بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا گۆڕانکاریی گەورە لە ئاست ئەم وڵاتەدا ڕوودەدات، بە حوکمی ئەوەی بایدن خۆی پابەند کردووە بەوەی ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا. چونکە دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە بایدن جێگری سەرۆک باراک ئۆباما بوو، ئەم ڕێککەوتنەش لە سەردەمی سەرۆک ئۆبامادا کرا و بایدنیش پشتیوانیی لێ کرد، کەواتە ئەگەر بایدن ببێتە سەرۆک تاکە گۆڕانکاریی جدی لە ئاست ئێراندا ڕوودەدات و سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست پرسەکانی دیکەدا وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر گۆڕانکاریش بکرێت ئەوا ڕواڵەتی دەبن.

*** ئێوە ڕەخنەیەکی زۆرتان لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرت، بەڵام چۆن دەکرێت ئەمەریکا بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، من پێم وایە پێویستە ئەمریکا وەبەرهێنان لە گەلانی ناوچەکەدا بکات، نەک لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا، هەروەها پێویستە ئەمریکا سیاسەتێکی هەبێت کە پشتیوانی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و بە دیموکراتیبون و مافەکانی مرۆڤ بکات، نەک لە ڕژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکان، واتە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت ئەمە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر وڵاتێکیش تایبەتمەندی هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەمریکا لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپدا هەوڵیداوە لە ڕێی فرۆشتنی چەکەوە داهات لەم ناوچەیە بەدەست بهێنێت، ئەمەش نابێتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیری لەم ناوچەیەدا، بەڵکو ناسەقامگیریی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

*** ئایا دواجار بەرپرسیارێتیی گەلانی ئەم ناوچەیە چی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا کاتێک باسی بەرپرسیارێتی گەلان دەکەین، ئەوا پێویستە سەرەتا ئەم گەلانە ئازادی هەڵبژاردن و ئازادیی خۆڕێکخستن و ئازادیی بیرکردنەوەیان هەبێت و توانای ڕەخنەگرتنیان هەبێت، کەواتە ڕاستە گەلانی ئەم ناوچەیە بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆیە، بەڵام دەبێت سەرەتا ئازادیی ئەوەیان هەبێت کە مومارەسەی ئەو بەرپرسیارێتییە بکەن.

**ئێران لە عێراقدا چالاکە، هێشتا ئێران پشتیوانی لە حوسییەکانی یەمەن دەکات و تا ئێستاش ئێران پاڵپشتی لە بەشار ئەسەد دەکات، هەروەها هاوکاریی حزبوڵای لوبنانیش دەکات، کەواتە هیچ بەڵگەیەک نییە ئاماژە بەوە بکات کە خەونەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بە ڕادەیەکی گەورە لاواز بوبێ**

**ئەگەر بایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا هەندێ گۆڕانکاری لە گوتاری ئەمەریکا ڕوودەدات و هەندێ ڕەخنە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە دەگیرێت، هەروەها ڕەخنە لە سیاسەتی تورکیا لە ناوچەکە و ڕەخنە لە سعودیە و نەرمەڕەخنەش لە ئیسرائیل دەگیرێت، بەڵام گۆڕانکاری گەورە ڕوونادات**

**ئەمریکا لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپدا هەوڵیداوە لە ڕێی فرۆشتنی چەکەوە داهات لەم ناوچەیە بەدەست بهێنێت، ئەمەش نابێتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیری لەم ناوچەیەدا، بەڵکو ناسەقامگیریی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

# شنگال
# هەرێمێ و بەغدا کوم دکەت

شنگال قەزایەکا مەزنە سەر ب پارێزگەها موسل ڤەیە و جهەکێ جیۆپۆلۆتیکی یێ گرنگە ب چیایێ خۆڤە یێ نێزیکی(٧٥) کیلۆمیترا درێژ و زال لسەر دەڤەرێ وهەروەسا هەڤسنۆرە دگەل وەلاتێ سوریا. ئێکە ژجهێن کوردستانی ل دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ کو دکەڤیتە دچارچۆڤێ ماددا (١٤٠) یا دستورێ هەردەمی یێ عیراقا فیدراڵ و زۆربەیا پێکهاتێ وێ یێ جڤاکی کوردێن ئێزدینە.

بەری هێرشا تیرۆرستێن داعش بۆ سەر دە ڤەرێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ ب هەر حال بشێوەکی هەڤبەش کار تێدا دهاتە کرن ژلایێ ئەمنی ولەشکەری ڤە وهەروەسا کارگێریەکا هەلبژارتی هەبوو..بەلێ پشتی شەرێ داعش بارودۆخ هاتە گهۆڕێن کو چەکدارێن بیانی ل شنگال خۆ سەپاندن و پشتی ڕۆدانێت ئکتۆبەرا (٢٠١٧) ێ بارودۆخ ئالۆزتر بوو وچەکدارێن حەشدا شەعبی ژی کەفتنە دەڤەرێ وئێمناهی ب ئێکجاری کەفتە د مەترسیێ دا وخەلکێ شنگال ما ڤە دناڤا کەمپان دا ل هەرێمێ و زۆربەیا هەرە زۆر لسنورێ پارێزگەها دهۆک ماینە.

**تاوانێن داعشێ ئە نجامداین دەرهەقی ئێزدیێن شنگال زۆر د مەزن بوون چونکە کورد وئێزدی بوون وەک نەتەوە وئۆل بهاریکاریا زۆربەیا عەرەبێن دەڤەرێ کو داگیرکرن و کوشتن وڕەڤاندن، ب زۆر گهوڕینا ئۆلا وان و کۆیلە کرن وفرۆتنا کچ و ژنان دوور ژهەر بهایەکی مرۆڤایەتی**

دەربارەی تاوانێن داعشێ ئەنجامداین دەرهەقی ئێزدیێن شنگال تاوانێن زۆر د مەزن بوون چونکە کورد وئێزدی بوون وەک نەتەوە وئۆل بهاریکاریا زۆربەیا عەرەبێن دەڤەرێ کو داگیرکرن و کوشتن وڕەڤاندن، ب زۆر گهوڕینا ئۆلا وان و کۆیلەکرن وفرۆتنا کچ وژنان دوور ژهەر بهایەکی مرۆڤایەتی بووینە ئەگەرێ هەڤسۆزیا جڤاکێ نێڤدەولەتی بشێوەکی بەرچاڤ دگەل ئێزدیان بگشتی وییێن شنگال بتایبەت نەخاسمە کوتا نوکەژی چارەنڤیسێ ب هەزاران دیار نینە و(٦) سال بۆرین ب سەر ژیانا پڕ نەخۆشی یا ئاوارەیێ دا.

وە سا دیارە کو حکومە تا بە ڕێز ( موستە فا کازمی) ئێک ژکارێن خوییێن سەرەکی کریە هەولا زڤڕاندنا سەروەریێ کو ژدەمێ ڕوخاندنا ڕژێما بەعسا دیکتاتۆر وهێرڤە عیراق بویە گۆڕەپانا ململانێەکا نێڤدەولەتی وهەرێمی نەخاسمە یا ئەمریکا وئیران وبۆ ڤێ چەندێ ودوبارە هە بوونا مەترسیا تیرۆرستێن داعش لسەر کەرکوک وناوچێن دی یێن بەر ماددا (١٤٠) دکەڤن وگرنگیا پاراستنا وان دە ڤەرا



**سەعید سیسۆ**
بۆ گوڵان نوسیویەتی

کو بێ هێزێن پێشمەرگە ئارامی نازڤڕتە ڤەوان جها وژبۆ چارەسەرکرنا کێشێن هەلاویستی یێن هەرێمێ وبەغدا دەربارەی مافێن دستووری یێن هەرێمێ کو ماوێ چەندین سالایە دئێنە پێشێل کرن جارێ وەک بنەما بۆ ڕێککەفتنێ لسەر وان هەموو ناوچێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ هەولێر و بەغدا لسەر ئاسایی کرنا بارودۆخێ شنگال ڕێککە فتن ل( ٨) ی ڤێ هەیڤێ ب سەرپەرشتیا نوێنەرێ نەتەوێن ئێکگرتی کو خالەکا هەرە گرنگە وە ک لایەنێ سیێ یێ نێڤدەولەتی داکو جێبەجێ کرنا خالێن ڕێککەفتنێ مسۆگەر بکەت ب هەڤکاریا هەردوو حکومەتێن هەرێم و بەغدا دگەل حکومەتا خۆجهیا موسل کو گرنگترین ئەڤەنە:

١- نەمانا هێزێن بیانی (چەکدارێن پەکەکێ) لدەڤەرێ.

٢- دەست نیشانکرنا قایمقامەکی بۆ شنگال.

٣- پاراستنا ئێمناهیێ بشێوەکی هەڤبەش ژلایێ دەزگایێن ئەمنی ولەشکەری ڤە.

٤- ئاڤدانکرنا دەڤەرێ وڤەگەڕاندنا ئاوارەیان.

٥- دامەزراندنا (٢٥٠٠) گەنجێن شنگال دناڤ هێزێن پۆلیساندا ل گۆرەی مەرج وڕێکارێن یاسایی.

و پشتی ئیمزا کرنا ڕێککەفتنێ ئومێد بۆ خەلکێ شنگال گەش بوویە کو دێ دەڤەرێن ئاڤەدان و ئارام بن کە مەرجێن سەرەکی یێن ژیانێ نە ل هەر جهەکی دگەل خزمەتگوزارییێن پێویست.

باوەر دکەم ل دەمەکی نێزیک هەمان ڕێککەفتن بهێنە ئیمزا کرن بۆ دەڤەرێن دی یێن ڤەقەتیای ب سەرپەرشتیا هەمان لایەنێ سیێ ول ئاییندەکی نێزیک هە موو کێشێن هەلاویستی دناڤبەرا هەرێمێ وبەغدا دا تا ڕادەکی زۆر باش بهێنە چارەسەرکرن وهیڤی خوازین هێزێن بیانی ب خۆشی گوڕەپانێ ل شنگال ڤالا بکەن وبچنە گۆرەپانا خۆیا دروست وجارەکا نەبنە ئەگەر و ئالاڤ کو دوژمن بهیتە ناڤ خاکا باشور وباژێڕێن ڕۆژاڤا داگیر بکەت.

**ل دەمەکی نێزیک هەمان ڕێککەفتن بهێنە ئیمزا کرن بۆ دەڤەرێن دی یێن ڤەقەتیای ب سەرپەرشتیا هەمان لایەنێ سیێ ول ئاییندەکی نێزیک هە موو کێشێن هەلاویستی دناڤبەرا هەرێمێ وبەغدا دا تا ڕادەکی زۆر باش بهێنە چارەسەرکرن وهیڤی خوازین هێزێن بیانی ب خۆشی گوڕەپانێ ل شنگال ڤالا بکەن وبچنە گۆرەپانا خۆیا دروست**

# ئایندەی جیهان لەبەردەم سیستمی نوێی جیهانی چاوەڕوانکراودا

لیبراڵیزمی نێودەوڵەتی کە بە مانای بەشداربوونی هەموو وڵاتانی زلهێزە، دەبێت لانیکەم بە شێوەیەکی گریمانەییش بێت، هەموو وڵاتانی تێدا بێت، کە دوای جەنگی سارد ئەمریکا و رووسیا سەرکردایەتییان دەکرد. قۆرخکاریی لە سەرکردایەتیکردنی ئەم سیستمە لیبراڵییە جیهانییە دروست بوو. ئەمڕۆ رووسیا کێشەی دیمۆگرافی و پترۆدۆلار و گرفتەکانی دیکەی پاشەکشەی لەو سەرکردایەتییەی لیبراڵیزمی جیهانییە بۆ دروست کردوون، ئەمریکاش بەهۆی سەرقاڵبوونی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵە گەورەکەی کە لە سەردەمی حوکمڕانیی ترەمپدا کە هیچ ئاگایەکی لە چین نەما و بایەخی پێ نەدا، لەگەڵ دارمانی ئابووریی جیهان لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا، زیاتر ماندوو بووە و لە ئێستادا ئەمریکا ئەو سەرکردایەتییەی لیبراڵیزمی نەماوە کە ماوەیەکی زۆر قۆرخی کردبوو.

ئامانجەکانی سیستمی لیبراڵیزمی جیهانی، لە سێ خاڵدا خۆی دەبینییەوە، یەکەمیان: بڵاوکردنەوەی دیموکراسی بە جیهاندا، دووەمیان: گەشەدان بە ئابوورییەکی کراوە، سێیەمیان: بەیەکەوە گرێدانی وڵاتان زۆرتر و زیاتر لە دامەزراوە جیهانییەکاندا. بەڵام ئەمانە هەمووی کەوتنە ژێر پرسیارەوە و لەگەل ئەم ئامانجانە رەفتارەکانی ترەمپ و سیاسەتەکانی ناتەبایی دروست کرد، ئەوەش دەسەڵات و دەوڵەمەندیی لە باکوور و رۆژئاواوە گواستەوە بەرەو باشوور و رۆژهەڵات، واتە سیستمی کۆنی قۆرخکراوی ئەمریکای رۆژئاوایی بە تەنیا کۆتایی هات و وڵاتانی نارۆژئاوا و تازەسەرکەوتووی بەشداری پێ کرد. ئەم چوونی دەسەڵات و پێگەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی دیکە، تەنیا پرسەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و دەسەڵات و مامەڵەی وڵاتانی نوێی ناو سیستمە نوێیە جیهانیەکە ناورووژێنێت، بەڵکو پرسی کولتوور و ئابووری، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەك چین کە ئەزموونی ئابووری و



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کولتووریی جیاوازی هەیە، ئایا پێشبینی دەکرێت لە سیستمە نوێیەکەی سەرکردایەتییەکەی جیهاندا بەشدار بێت، یان ئەمانە گۆڕانکاریی کولتووری و ئابووری بە سەر جیهاندا دەهێنێت؟ ئایا وڵاتانی مامناوەند لە دەسەڵات دەتوانن بەشداریی ئەم سیستمە نوێیە بکەن کە سیستمێکی وابەستەکراوی لیبراڵیزمی جیهانییە؟ یان چین بە تەنیا لەگەڵ ئەمریکا پێکەوە سەرکردایەتی دەکەن، یانیش ئایا چین توانای گونجان و هەڵکردنی لەگەڵ سیستمی لیبراڵ دیموکراسی هەیە؟

یەکێك لە ئامانجەکانی سیستیمی لیبراڵیی جیهانی بڵاوکردنەوەی دیموکراسییە بە جیهاندا، «جین مێرشیمیر» پسپۆڕی بواری سیستمی لیبراڵیزمی جیهانی رای وایە: ئایندەی ئەم سەرکردایەتی و سیستمە نوێیەی جیهان چەند عەیبێك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە گرنگترینیان ئەڵتەرناتیڤ دروستبوونە بۆ «لیبراڵ دیموکراسی» کە کۆتایی بە هێزی یەکجەمسەری دەهێنێت، بە دژایەتی لەگەڵ ئەو هێزە لاوازانەی کە مەترسین بۆ جیهان، نموونەی وەك تیرۆریزم و...هتد. ئایا ئەم سیستمە نوێیە بەریەککەوتن دەکات لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکان و ئایا زیادبوونی جیهانگەرایی هۆکار دەبێت بۆ کۆمەڵێك کێشەی ئابووری و سیاسی؟

داخڵبوونی چین بە جیهانی لیبراڵی ئایا دواجار جیهان بەرەوە یەکجەمسەری دەبات؟ لە هەمان کاتدا ئایا پڕۆسەی مۆدێرنە و کولتووری پۆپیلەر و سیستمی باوی جیهانی چی دەبێت، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە رۆژئاوا و ئەمریکا پێشڕەوییان کردووە؟ ئایا داگیرکاری ئایندەی وڵاتانی زلهێز بە هێزی توند و کاولکاری و سەربازییە، یان هێزی نەرمی کولتووری؟ ئایا ئایندەی وڵاتانی هێشتا ناسەقامگیر و ناجێگیر لە رووی سیاسییەوە چی دەبێت؟ ئایا پێگە و بەشداری و پاڵپشتییان لە سیستمە نوێیە جیهانییەکە چی دەبێت؟ لە بەشی داهاتووی ئەم نووسینەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

# نیعمەتی ژینگە

## بەشی یەکەم

ژینگە بریتییە لەو دەورووبەرە سرووشتی و کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکە تێیدا پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، کەواتە پاراستن و پارێزگاریکردنی ئەو ژینگەیە لە ئەستۆی هەمووانە، چونکە بە پیسبوونی ئەو ژینگەیە، هەمووان زەرەرمەند دەبن .

بڕوانە خودا چ دەفەرموێت: (هو أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها)[١] واتە: ئەو خودایە خەڵقی کردووین لە خاك و تیایدا نیشتەجێی کردووین، هەروەها داوای لێکردووین بە بیناکردنی خانووبەرە و گرنگیدان بە کشتوکاڵ و ناشتنی دار و درەخت و پیشەسازیکردن ئاوەدانی بکەینەوە، بۆ ئەوەی دانیشتووانی سەر گۆی ئەم زەمینە لێی سوودمەند بن، گەر ئەم فەرمانەی جێبەجێ نەکەین، یان پێچەوانەکەیمان ئەنجامدا، واتە وێرانمان کردووە و، بەرپرسیار دەبین، فەرمانی خودا بۆ جێبەجێکردنە، بە پشتگوێ خستنی رووبەڕووی سزای خودا دەبینەوە.

خودا هەموو کەرەستەیەکی ژیانی بۆ ئامادە کردووین لەسەر گۆی ئەو زەوییە، بڕوانە چ دەفەرمووێت: «والأرض مددناها وألقينا فيها رواسي وأنبتنا فيها من كل شيء موزون * وجعلنا لكم فيها معايش ومن لستم له برازقين* وإن من شيء إلا عندنا خزائنه ومانزله إلا بقدر معلوم»[٢].

ئێمە ئەو زەوییەمان بە شێوازێك بۆ رەخساندوون کە ژیانتان بەرنە سەر تیایدا، تەنانەت ئەو شاخ و داخانەشمان جێگیر کردوە لەسەر ئەو زەوییە بۆ ئەوەی لانەدات و نەترازێت لەو شوێنەی کە بۆمان رەخساندووە، سەوزایی و دار و درەختی بەردار و میوەمان تیایدا ناشتووە و پێوانە کراوە و بە پێی پێویست زۆر بە حیکمەت دانراوە، بە جۆرێك ئەوەی پێویستی ژیانتان بێت لە خواردن وخواردنەوە، بۆتان دابین کراوە لەسەر گۆی ئەو زەوییە، بۆ خۆتان و ماڵ و منداڵ و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەرکانیش، تەنانەت ئەوانەی کە ئێوەش لێی بەرپرسیار نین لە دابینکردنی رزق بۆیان، هەرچی هەیە لەو دونیایە لە خەزێنەی ئێمەدایە و بە پێوانە و دیاریکراوی دابەشی هەموو رۆح لە بەر و زیندەوەرانی دەکەین.

**ئەوەی لە سەر ئێوەی مرۆڤ پێویستە ئەنجامی بدەن لەسەر گۆی ئەم زەوییە، ئاوەدانکردنەوەی ئەو زەوییەیە کە لە سەری دەژین**

کەواتە تەنیا و تەنیا ئەوەی لە سەر ئێوەی مرۆڤ پێویستە ئەنجامی بدەن لەسەر گۆی ئەم زەوییە، ئاوەدانکردنەوەی ئەو زەوییەیە کە لە سەری دەژین، جا بە بیناکردنی خانووبەرە و گرنگیدان بە کشتوکاڵ و چاندنی دارودرەخت و پیشەسازیکردن، یا هەر شتێکی دیکە بێت، گرنگ چاکسازی و پارێزگاریکردنە لەو ژینگەیەی لەو چەند رۆژەی کە خودا بۆی دیاری کردوون لە دنیا و تیایدا ژیان بەسەر دەبەن، نەك پێچەوانەکەی، بڕوانن خودا سەبارەت بە دووڕووەکان (المنافقين) چ دەفەرموێت: «وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ» [٣] دەتوانن بگەڕێنەوە تەفسیرەکان بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قسەی لە سەر بکەین، ئەوەیە کاتێك بە دووڕووەکان دەڵێن خراپەکاری و بەدخوویی مەکەن، لە وەڵامدا دەڵێن ئێمە چاکەکارین و بە دوورین لە خراپەکاری، دیارە خراپەکاری و بەدخوویی دوو جۆرن ماددی و مەعنەوی (والإفساد في الأرض يشمل الإفساد المادي، بتخريب العامر، وإماتة الأحياء، وتلويث الطاهرات، وتبديد الطاقات، وإستنزاف الموارد في غير حاجة ولا مصلحة، وتعطيل المنافع وأدواتها، كما تشمل الإفساد المعنوي، كمعصية الله تعالى، ومخالفة أمره ، والكفر بنعمته، والتمرد علي شريعته، والاعتداء على حرماته ، وإشاعة الفواحش ما ظهر منها وما بطن، وترويج الرذائل، ومحاربة الفضائل، وتقديم الأشرار، وتأخير



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
ماموّستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

الأخيار، وتجبر الأقوياء على الضعفاء، وقسوة الأغنياء على الفقراء)[4].

خودا دەفەرموێت: «مكناكم في الأرض وجعلنا لكم فيها معايش قليلا ما تشكرون»[5] واتە توانا و دەستەڵاتمان پێداون لەسەر زەوی بژین، تا ئاوەدانی بکەنەوە لە رووی بیناسازی و کشتوکاڵ و پیشەسازیکردنەوە، بە شێوازێك ئەو زەوییەمان تەرخان و ساز کردووە، کە بژێوی ژیانتانی تیا دابین بکەن، لەگەڵ ئەوەی کەمێکتان سوپاسگوزارن لەسەر ئەو ئەو نیعمەتانەی پێمان داون.

ئەگەر تێبینیی ئایەتەکە بکەن کە خودا دەفەرموێت: «مكناكم في الأرض» دەردەکەوێت ئەم فەرمانەی خودا بۆ پاراستن و پارێزگاریکردنە لە ژینگە بە شێوازێکی تەندروست، واتە بیناکردنی نەك وێرانکردنی، پاکڕاگرتنی، نەك پیسکردنی ژینگە، خودا لەسەر زەوی بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە جێگیر و نیشتەجێی کردووین، خۆ دەبێت ئێمەی مرۆڤیش لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بین، واتە ئێمە ئەمێنین لەسەر ئەو زەوییە.

بڕوانن پێغەمبەر(د.خ) چۆن رێنمایی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی دەکات بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەو زەوییانەی ژێردەست و دەستەڵاتیان، کە دەفەرموێت: «مَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَزْرَعْهَا ، فَإِنْ لَمْ يَزْرَعْهَا ، فَلْيُزْرِعْهَا أَخَاهُ)[6].

واتە ئەوەی زەوی هەیە با بیکێڵێت، ئەگەرنا با بیداتە براکەی، ئینجا برای دایك و باوکی بێت، یان برای بێت لە دین، تا بیکێڵێت و سوودی لێ وەربگرێت، خۆ ئەمە فەرمانی پێغەمبەرە (د.خ) بۆ سوودوەرگرتن لە زەوی ئەویش بە چاندنی دارو درەخت و دانەوێڵە بۆ ئەوەی بەروبووم و بەرهەمی لێ بەدەست بهێنێت، ئەم رێنماییە ئاگادارییە بۆ گرنگیدان بە زەوی و بەکارهێنانی، ئەویش بە کشتوکاڵ و سەوزایی بێ، یان بە بیناسازی و پیشەسازیکردن بێت .

هەر بۆیە پەیڕەوکردنی بەرنامەی ئیسلام سەبارەت بە ژینگە باشترین رێگەچارەیە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی پیسبوونی ژینگە، کە ئەمڕۆ هەموو جیهانی سەر قاڵ کردووە، بڕواننە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێت: (الْبُصَاقُ فِي الْمَسْجِدِ خَطِيئَةٌ وَ كَفَّارَتُهَا دَفْنُهَا)[7].

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) پێمان دەڵێت، دەبێت پارێزگاری لە ژینگەی شوێنە گشتییەکان بکەن، چونکە مزگەوت شوێنێکی گشتییە و موسڵمانان بۆ خواپەرستی و یەکتر بینین وئاگاداربوونەوە لە بارودۆخی دۆست و برادەران و مسوڵمانان رووی تێ دەکەن، ئەو کەسەی تف و بەڵغەم فڕێ بداتە مزگەوتەوە، بەو کردارەی ئازاری موسڵمان دەدات، چونکە دەبێتە هۆی دڵتێکچونی هەندێ کەس کاتێ بەر چاویان دەکەوێت، یان رەنگە نەخۆش بێت، بەو نەخۆشییانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ کەسێکیتر، هەر بۆیە پێغەمبەر (د.خ) ئامۆژگاری هاوەڵانی کردووە کە گوناهباردەبن بە فڕێدانی تف و بەڵغەم، بۆ ئەوەی گوناهتان لەسەر نەنووسرێت، دەبێت خێرا دایپۆشن، یان لای ببەن و نەیهێڵن .

**پەیڕەوکردنی بەرنامەی ئیسلام سەبارەت بە ژینگە باشترین رێگەچارەیە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی پیسبوونی ژینگە، کە ئەمڕۆ هەموو جیهانی سەر قاڵ کردووە**

---

١- سورة هود الاية ٦١ .
٢- سورة الحجر الاية ١٩-٢١ .
٣- سورة البقرة الاية ١١ .
٤- رعاية البيئة في شريعة الاسلام . د يوسف القرضاوي ص٦٨ .
٥- سورة الاعراف الاية ١٠ .
٦- صحيح مسلم رقم الحديث ٣٨٩٤ ج٦ ص ٤٤ باب كراء الارض .
٧- شرح سنن النسائي المسمى ذخيرة العقبى في شرح المجتبى رقم الحديث ٧٢٣ ج٩ ص ٩٤.

# نیعمەتی ژینگە

**بەشی دووەم**

لێرەوە بۆمان روون بووەوە کە لە هەرشوێنێکی گشتی و لە هەر کاتێکدا ئەو کارە واتە تف و بەڵغەم، یان هەر شتێکی دی فڕێ بدەن، کە کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگە هەبێت، ئەوا گوناهبار دەبن، چونکە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، کە ئەمەش پەسەند نییە، بەڵکو تاوان و گوناهبارییە، بڕوانن ئەوە شەریعەتی ئیسلامە کە گرنگییەکی لە رادەبەدەری بە پاراستنی ژینگەی شوێنە گشتییەکان داوە.

**پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باشترین کردەوەی ئۆمەتەکەی لابردنی شتە زیانبەخشەکانە لە رێگاوبانەکان، کە مەترسیی لەسەر گیانی خەڵکی هەیە**

«قَالَ النَّبي صَلّي اللهُ عَلَيهِ وسَلَم، عُرِضَتْ عَلَيَّ أعْمالُ أُمَّتي حسَنُهَا وسيِّئُهَا فوجَدْتُ في مَحاسِنِ أعْمالِهَا الأذَي يُماطُ عَنِ الطَّرِيقِ، ووَجَدْتُ في مَساوَيِءِ أعْمالِها النُّخَاعَةُ تَكُونُ فِي المَسْجِدِ لاَ تُدْفَنُ»[1] لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باشترین کردەوەی ئۆمەتەکەی لابردنی شتە زیانبەخشەکانە لە رێگاوبانەکان، کە مەترسیی لەسەر گیانی خەڵکی هەیە، بەڵام خراپترین کردەوەش پیسکردنی ژینگەی گشتییە، بەتایبەت مزگەوت، بە فڕێدانی تف و بەڵغەم بێ ئەوەی بیشارنەوە، یا بیسڕنەوە، خۆ لەم سەردەمەدا زبڵ و خاشاك فڕێدان لە رێگاوبانەکان و هەروەها خستنە دەرەوەی ئاوەڕۆی ماڵان لەنێو کۆڵان و گەڕەکەکاندا، کە راستەوخۆ دەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە لە کردەوە هەرە خراپەکان هەژمار دەکرێت و لای خودا، بە تاوان دەنووسرێت، بە سڕینەوە و داپۆشینیشی، ئەو تاوان و گوناهە لەسەرتان لادەچێت.

**بە هەر هۆکارێک ژینگە پیس بکرێت، دەبێت قەدەغە بکرێت و بووار نەدرێت و رابگیرێت**

تەنانەت خواردنی سیر کە حەڵاڵە و حەرام نییە، بۆت نییە بیخۆیت و بچیتە شوێنە گشتییەکان، تۆ بڕوانە پێغەمبەر (د.خ) سەبارەت بە سیرخواردن چ دەفەرموێت: «مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ ، فَلَا يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا ، وَلَا يُؤْذِيَنَّا بِرِيحِ الثُّومِ»[2] واتا بۆنی سیر ناخۆشە و ژینگەی مزگەوتەکە تێك دەدات و بۆنی ناخۆش دەکات، لە دەرئەنجامدا موسڵمانان ئەزیەت دەخۆن. لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «من أكل من هذه الشجرة شيئا فلا يأتين المسجد»[3] واتە ئەوەی سیری خوارد، با نەچێتە مزگەوتەوە، چۆن لەوەوپێش ئاماژەمان پێ کرد، کە دەستەواژەی مزگەوت تەنیا مەبەست مزگەوت نییە، بەڵکو شوێنە گشتییەکانە، لێرەوە دەردەکەوێت بە هەر هۆکارێك ژینگە پیس بکرێت، دەبێت قەدەغە بکرێت و بووار نەدرێت و رابگیرێت، بۆ نموونە کەسانێك هەن لە ماڵەوە ئاژەڵ بەخێو دەکەن، بەڵام بوونەتە سەرچاوەی هەندێك نەخۆشی و هێنانی مێش و مەگەز و بۆنی ناخۆش و پیسکردنی ژینگەی ئەو گەڕەکە، خۆ ئەمیش هەروەك سیرخواردنەکە وایە، دەبێ ئاگادار بکرێنەوە کە کارێکی ناپەسەندە و قابیلی قبوڵ نییە، بەڵکو گوناهباریش دەبن، چونکە رەچاوکردن و پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگەی گشتی، پەیامی خودای باڵادەست و پێغەمبەرە (د.خ) .

بڕواننە ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەر(د.خ) چ دەفەرموێت: «مَمَا مِنْ مُسْلم يَغْرِسُ غَرْسًا ، إلَّا كَانَ مَا أُكلَ منْهُ لَهُ صَدَقَةً ، وَمَاَ سُرقَ منْهُ لَهُ صَدَقَةٌ ، وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ منْهُ فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ ، وَمَا أَكَلَت الطَّيْر فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ ، وَلَا يَرْزَؤُهُ أَحَدٌ ، إلَّا كَانَ لَهُ صَدَقَةٌ»[4]. هەر موسڵمانێك دارێك بچێنیت، ئەوەی لەو درەختە دەخوات، یان لێی دەدزێت، یان هەر ئاژەڵێك و باڵدارێك دەیخوات، یان کەسانێك لێی دەبەن، هەموو ئەمانە دەبنە سەدەقە بۆی، واتە پاداشتەکەی بۆ دەنووسرێت لای خوداوەند، زۆر گرنگە لەم فەرموودەیە تێبگەین، ئەویش پاراستنی ژینگەیە، بە واتایەکی دیکە چاندنی دارێك



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خۆی لەخۆیدا زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجین و کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە لە هەوادا، لە دەرئەنجامدا خەڵك و گیاندار و باڵندەکان لێی سوودمەند دەبن، (رعاية مصالح العباد) یش یەکێکە لە ئامانجەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) .

ئەم فەرموودەیە زۆر گرنگە حکومەت بیکاتە مەرجێك بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بینای باڵەخانە، یان خانوو، یان هەرشتێك دەکەن دەبێت لەپێناو ژینگەدا بڕێك درەخت بچێنن، ئەوەشی درەختێك دەبڕێتەوە، سزا بدرێت، بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکان، یان کەسێك کە بە ئۆتۆمۆبیلەکەی دەرەختێك دەشوێنێ، دەبێ لە شوێنی ئەو درەختە دانەیکی دیکە بچێنێت .

عن أبي هريرة رضي الـه عنه (أن إمرأة سوداء كانت تقم المسجد ففقدها رسول الله صلي الله عليه وسلم ، فسأل عنها بعد أيام، فقيل له: إنها ماتت ، فقال: فهلا آذنتموني؟ فأتي قبرها فصلي عليها)[٥]

کاتێك خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەم کاردانەوەیەی پێغەمبەر(د.خ) دەکەین کە دەبیستێت ئەو ئافرەتەی کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ پاککردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وەفاتی کردووە، حەزرەتی پێغەمبەریان لێ ئاگادار نەکردۆتەوە (د.خ)، هەر بۆیە دەچێتە گۆڕستان نوێژی لەسەر دەکات، دیارە ئەم رۆیشتنەی پێغەمبەر (د.خ) بە ئەمری خودا بووە، هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتەکە گرنگیی بە پاکوخاوێنی شوێنێکی گشتیی وەك مزگەوت داوە، ئەو ڕێزە تایبەتییەی لێ گیرا کە خودی پێغەمبەر (د.خ) بێت و نوێژی لە سەر بکات، بە راستی ئەوە شەرەف و ڕێزێکی گەورەیە.

لێرەوە دەردەکەوێت مامەڵەکردنی ئەم ئافرەتە لەگەڵ ژینگەی گشتی زۆر دروست و پەسەند بووە بەلای پێغەمبەرەوە (د.خ)، هەر بۆیە گرنگە شوێنکەوتووانی پێغەمبەرە(د.خ) بە هەمان شێواز مامەڵە بکەن لەگەڵ ژینگەی گشتیدا، نەك تەنیا بەرامبەر بە مزگەوت، چونکە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) مزگەوت بیمارستانیش بووە، هەروەها شوێنی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە و شوێنی راویژکاری بووە بۆ پرسە هەنووکوییەکان و کۆبوونەوەی مەجلیسی شورای لێ دەکرا، شوێنی داماو و لێقەوماوان بووە، هەروەها شوێنی پێشوازیکردن بووە لە میوان و ئەو وەفدانەی سەردانی پێغەمبەریان دەکرد (د.خ)، شوێنی عیلم وزانست و فێربوون بووە، مەرکەزی ئیعلام بووە و هەروەها کۆمەڵی چالاکیی دیکەی تێدا ئەنجام دەدرا، هەر بۆیە شوێنێکی گشتی بووە.

بڕوانن پێغەمبەرە (د.خ) چۆن هۆشداری دەداتە شوێنکەوتووانی نەبادا میز بکەنە ئاوێکی راوەستاو، واتە ئاوەکە لێی نەڕوات، دەفەرموێت: «لا يبولن أحدكم في الماء الراكد»[٦] چونکە ئەو ئاوەی ناڕوات کاتێك میزی تێ کرا، پیس دەبێت، ئەو کات بۆ بەکارهێنان ناشێت.

**ڕەچاوکردن و پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگەی گشتی، پەیامی خودای باڵادەست و پێغەمبەرە (د.خ)**

**زۆر گرنگە حکومەت بیکاتە مەرجێک بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بینای باڵەخانە، یان خانوو، یان هەرشتێک دەکەن دەبێت لە پێناو ژینگەدا بڕێک درەخت بچێنن، ئەوەشی درەختێک دەبڕێتەوە، سزا بدرێت**

---

١- صحيح مسلم رقم الحديث ٥٥٣ ج٣ ص٣٦٠ باب النهي عن البصاق في المسجد .
٢- صحيح مسلم رقم الحديث ١٢٥١ ج٣ ص ٣٦٧ نهي من اكل ثوما أو بصلا .
٣- سنن ابن ماجة رقم الحديث ١٠١٦ ج٢ ١٤٤ اسناده صحيح .
٤- صحيح مسلم رقم الحديث ١٥٥٢ ج٦ ص ٥٩ باب فضل الغرس والزرع .
٥- سنن ابن ماجة رقم الحديث ١٥٢٧ ج٢ ص٤٨٦ اسناده صحيح / باب ماجاء في الصلاة على القبر .
٦- سنن ابن ماجة رقم الحديث ٣٤٤ ج ١ ص ٢٢٧ اسناده صحيح / باب النهي عن البول في الماء الراكد .

# نیعمەتی ژینگە

بەشی سێیەم

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێغەمبەر(د.خ) بەردی بناغەی پارێزگاریکردن و پاراستنی ئاوی بۆ داناوین کە پیسی نەکەین، بەهەر شتێك بێت، مەرج نییە میزکردن بێت، هەر شتێك پیس وخراپ بوو، نابێت خێرا فڕێ بدرێتە ئاوەوە، وەکو لەم سەردەمەی ئێستاماندا بە چاوی خۆمان دەیبنین زۆرێك لەو وڵاتانەی دراوسێمانن ئاوی قورس و پاشەڕۆی کارگەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ئەو ئاوەی دێتە وڵاتمانەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە سەر تەندروستی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی و سەرچاوە ئاوییەکانمان، تەنانەت دەستیان نەپاراستووە لە فڕێدانی پاشماوەی مەوادی کیمیاییش بۆ نێو دەریاچەکان، لەگەڵ ئەوەی خۆشیان بە موسڵمان ناوزەند دەکەن و ئاڵای ئیسلامیان بەرزکردۆتەوە، ئینجا هەڕەشەی گرتنەوەی ئاومان لێ دەکەن.

ئا بەو شێوەیە پێغەمبەر(د.خ) پەروەردەی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی کردووە، کە چۆن بتوانن خزمەت بکەن بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا گەورە بوون و نیشتەجێ بوون، نەبادا کارێك بکەن بەر لەعنەت و نەفرەتی خەڵکی بکەون بە هۆی ئەنجامدانیەوە، کە بریتییە لە پیسیکردنی ڕێگاوبانی خەڵکی کە ڕۆژانە هاتوچۆی پیادا دەکەن، یان لەو شوێنانەی کە هاتوچۆکەران تیایدا دەحەوێنەوە، تەماشا بکەن پێغەمبەرمان چ دەفەرموێت: «اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الَّذِي يَتَخَلَّي فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ»[١].

هۆکاری ئەو نەعلەت و نەفرەت لێکردنەش ئەوەیە کە کارێکی نارەوات کردووە و هاتووی ژینگەی ئەو خەڵکەت پیس کردووە بە ناحەق.

**زۆرێک لەو وڵاتانەی دراوسێمانن ئاوی قورس و پاشەڕۆی کارگەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ئەو ئاوەی دێتە وڵاتمانەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە سەر تەندروستی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی و سەرچاوە ئاوییەکانمان**

ئایا ئەو حوکمڕان و دەستەڵاتدارانەی کە شار و شارۆچکە و گوند و لادێکان بە بۆمبا و چەکی کیمیایی و ئەتۆمی وێران دەکەن، وەکو بینیمان ڕژێمی بەعس ئەنجامی دا دژ بە میللەتی کورد، کە تاکو ئێستاش دانیشتووانەکەی باجی مەینەتیی پیسکردنی ژینگەی کوردستان دەدەنەوەو، تووشی هەزاران نەخۆشیی کوشندە بوون، بەتایبەت هەڵەبجە و گوپتەپە و بادینان و شاروشارۆچکە ولادێکانی دیکە، ئایا ئەو ڕژێمانە بەر ئەو نەفرەت و لەعنەتە ناکەون کە پێغەمبەر(د.خ) شوێنکەوتووانی لێ ئاگادار کردوونەتەوە؟

نموونەی دیکەمان هەن لەم سەردەمە، ئەوەتا ڕژێمی تورکیا و ئێرانیش هەمان ڕێچکەی ڕژێمی بەعسیان گرتۆتە بەر، بێگومان ئەو لەعنەت و نەفرەتە ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) یاسایە و هەر کەسێك بەو شێوە خراپە مامەڵە لەگەڵ خەڵقەندەی خودای باڵادەست بکات، کە ژینگە و شوێنی حەوانەوە و ئیستراحەت و نیشتەجێبوونیان پیس بکات، ئەوە سزاکەیەتی، خودا بە دوورمان بگرێت .

تەنانەت پارێزگاریکردن و پاراستنی باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و گیاندارەکانیش دەچنە ریزی ژینگەپارێزییەوە، تۆ بڕوانە خودای گەورە هەموو ئەمانەی بۆ سەرجەم دانیشتووانی سەر گۆی ئەم زەوییە بە پێی پێویست و زۆر بە حیکمەت خولقاندووە، نابێت دەستیان بۆ درێژ بکەن و لەناویان بەرن بە ناحەق، تەنیا کاتێك دەتوانن لەناویان ببەن، کە بزانن زیانتان پێ دەگەیەنن،



د. سیروان ئەحمەد قادر
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە دوو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەکەین، سەبارەت بە کوشتنی چولەکەیەك بە ناحەق فەرموویەتی: «من قتل عصفورا عبثا،عج إلى الله يوم القيامة ، يقول يا رب ، إن فلانا قتلني عبثا ، ولم يقتلني منفعة»[2] واتە ئەوەی چۆلەکەیەك هەر بۆ خۆشی بکوژێت، ئەو چۆلەکەیە لە رۆژی قیامەت لە حوزوری خودا دەست دەکات بە جریوە جریو و دەڵێت خوادیە پرسیاری لێ بکە بۆ کوشتمی، بێ ئەوەی بمخوات، واتە لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت کە دەستدرێژی بکەیتە سەر باڵندەیەك، کە هیچ ئیشێکت پێی نەبێت.[3]

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : «ما من انسان يقتل عصفورا فما فوقها ، بغير حقها إلا يسأله الله عزوجل عنها يوم القيامة، قيل يا رسول الله ، فما حقها ؟ قال أن تذبحها فتأكلها ، ولا تقطع رأسها فيرمي بها»[4] خودا ئەو باڵندانەی بۆ مەبەست و حیکمەتێك خەڵق کردووە، ئێمە نازانین، یان پێی نەگەیشتووین. بە هەمان شێوە سەبارەت بە سەگ، بڕوانن پێغەمبەر(د.خ) چ دەفەرموێت: «لولا أن الكلاب أمة من الامم لأمرت بقتلها فاقتلوا منها الأسود البهيم»[5] واتە سەگەکانیش گەلێکن وەك گەلانی دیکە، ئەگینا فەرمانم پێ دەکردن لە ناویان بەرن، بەڵام تەنیا ئەوانەیان بکوژن، کە زیانتان پێ دەگەیەنن، بۆیە بە رەش ناویانی هێناون، واتە زیانبەخشەکانیان، جا هەر رەنگێك بێت مەرج نییە، رەش بێت، ئەم فەرموودەیەش پەیامێکە لە پەیامەکانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ هاوەڵان و شوێنکەوتووانی، کە خودای گەورە و میهرەبان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەم سەگانەی دروست کردووە، بەڵام لە سەر ئێمەی مرۆڤ پێویستە مامەڵەیەکی دروستیان لە گەڵدا بکەین و ئازاریان نەدەین، خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین بکەین وبرسی نەبن، چونکە بەرپرسیاردەبین لە رۆژی قیامەت.

زۆر گرنگە مامۆستایانی ئایینی و بیرمەند و بانگخوازەکان و رۆشنبیران لە سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەکانیان سەبارەت بە چەمکی ژینگەپارێزی ئاماژە بەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێشەوامان پێعەمبەر (د.خ) بکەن، کە ئەوە بەرنامە و ئایینی ئیسلامە کە پەروەردەی شوێنکەوتووانی بەو شێوازە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا بکەن، چونکە پاراستن و پارێزگاریکردن لە ژینگە واجبێکی شەرعییە.

**زۆر گرنگە مامۆستایانی ئایینی و بیرمەند و بانگخوازەکان و رۆشنبیران لە سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەکانیان سەبارەت بە چەمکی ژینگەپارێزی ئاماژە بەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێشەوامان پێعەمبەر (د.خ) بکەن**

---

١- صحيح مسلم رقم الحديث ٢٦٩ ج ٣ ص ٥٩ / باب النهي عن التخلي في الطرق والظلال .

٢- شرح سنن النسائي ذخيرة العقبى في شرح المجتبى رقم الحديث ٤٤٤٨ ج٣٤ ص٦٢ .

٣- ئەو گروپە توندرەوو لایەن وکەسانەی کە خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەکوژن بەناوی ئیسلامەوە دەبێت چۆن موحاسەبەو سزا بدرێن لە لایەن خودا وە پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەو حەقەی پێداون بەناوی ئیسلامەوە خەڵقی بکوژن؟؟؟ ئەوە چۆلەکەیەکە سکاڵاو داوای مافی خۆی دەکات لە حزوری خودا، جێی خۆیەتی بڵێین ئەو گروپە توندرەوولایەنانە هیچ پەیوەندییەکیان لە دوورو نزیکەوە بە ئیسلامەوە با هەر ئیدعای ئیسلامەتی وخواپەرستی وشیعارو ئاڵای لا إله إلا الله بەرز بکەنەوە .

٤- شرح سنن النسائي ذخيرة العقبى في شرح المجتبى رقم الحديث ٤٤٤٧ ج٣٤ ص ٦٢ .

# کاتی ئەوە هاتووە شەقامەکانی ناوەندی شار تەنیا بۆ پیادە بن


بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لەبارەی هۆکارەکانی گواستنەوە لە ناو شارەکاندا ئەنجام دراون، لەوانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەرکەوتووە کە ڕێژەی پیسبوونی هەوا لە ڕێگەی هۆکارەکانی گواستنەوەوە، دەگاتە نزیکەی (٤٧٪)ی کۆی ئەو پیسبوونەی کە گشت سەرچاوەکانی دیکە دروستی دەکەن.

شارەکانی ئێمەش بە هۆی گرفتی زۆرێك لە شەقامەکان و کەمئەزموونیی زۆرێك لە شوفێرەکان و خراپ ڕێکخستنی ئاراستەکانی هاتن و چوونی ئۆتۆمبێلەکان و چەندین هۆکاری دیکە، بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ زیان گەیاندن بەتەندروستیی مرۆڤ.

لە ناوەندی شارەکانی کوردستان و عێراقدا کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش زۆرترین پێداویستییەکانی خەڵکی لەوێدا دەست دەکەون، ئۆتۆمبێلەکانیش بەجۆرەکانی تایبەت و تەکسییەوە، دەگەنە هەموو ئەو شوێنانەو لە ئەنجامی تێکەڵبوونی خەڵك و هۆکارەکانی گواستنەوەشدا، ماددە پیسکارەکانی وەك یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و چوارەم ئەسیلی قورقوشم و ماددە هایدرۆکاربۆنییەکانەوە، زیانی گەورە بە هاتوچۆکارانی ئەو ناوەندە دەگەیەنن، بۆ نموونە: یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لەگەڵ هیمۆگلۆبینی خوێندا یەك دەگرن و ڕێگە لە تەواوکردنی خولی ئۆکسجین دەگرن و مرۆڤ تووشی خنکان دەکات.

ئۆکسیدەکانی نایترۆجین بە یەکگرتنیان لەگەڵ هەڵم و ئاوی باراندا ترشەکانی نتریك دروست دەکەن، کە ماددەیەکی ژەهراوییە.

قورقوشمی نێو بەنزین ڕۆڵی هەیە لەشێواندنی (٣٪)ی کۆرپەلەکان و، قورسکردن و زەحمەتکردنی پڕۆسەی منداڵبوون لای (١٥٪)ی ئافرەتان، هۆکاریشە بۆ لەباربردنی لە (٦٠٪)ی کۆرپەلەش پێش تەواوبوونی پڕۆسەی پێگەیشتن و کامڵبوونی لە منداڵداندا، ئەم ڕاستییانەش نزیکەی ٦٠٪ی توێژەران لە (٢٩) دەوڵەتدا کۆك بوون لەسەریان، کە لەکۆنگرەی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (دەبلیو ئێچ ئۆ)دا لە (کۆبنهاگن) لە ساڵی (١٩٩١)و، دواتریش درایە کۆنگرەی ژینگەو گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (بەرازیل) لە ساڵی (١٩٩٢)دا.

هۆکارەکانی گواستنەوە بە بەکارهێنانی هۆڕنی هەوایی ورووژێنەریش، کە زۆرجار دەگاتە (٨٠) دێسیبڵ، زیانی زۆر بە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ دەگەیەنن، ئەمە وێڕای زیانی دیکەی وەك لێدانی زیاتری دڵ و کەمبوونەوەی ئاستی وردبینی، گرژبوونی مولولەکانی خوێن، کارکردن لەسەر بەشی ناوەوەی گوێ کە زۆر زیانی دیکە کە بە مرۆڤ دەگەن.

لەبەر هەموو ئەمانەی پێشەوەو هەندێ هۆی دیکەش، لەمێژە زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو شەقامە قەرەباڵغ و ناوەندە چڕەکانی نێو شاریان تەنیا بۆ (پیادە) تەرخان کردووە، بەجۆرێك کە ئۆتۆمبێل بۆی نییە بچێتە ئەو شوێنانە، چونکە بەپێی هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان ژمارەی مرۆڤەکان و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لەیەك شوێنداو لەحاڵەتی زۆرتربوونی ژمارەی خەڵکدا، پێویستە ئەو شەقام و ناوەندانە تەنیا بۆ پیادە بن.

من لەساڵی (١٩٩٢)دا وەك سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانیێکی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە لەهەولێر، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتەوە، هەڵمەتێکمان ڕێکخست بۆئەوەی ناوەندی شاری هەولێر تەنیا بۆ (پیادە) بێت، ئەوەش پاش ئەوەی بینیمان خاتوو (سیگۆلین ڕۆیال)ی وەزیری ئەوسای ژینگەی فەرەنسا لەناوەندی هەندێك لەشارەکانی ئەو وڵاتەدا چەند شەقامێکی تەنیا بۆ پیادە تەرخان کرد.

ئێستاش جێگەی خۆیەتی لەم بارودۆخەو لەبەر بەرژەوەندیی گشتی، شارەوانیی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پلانێك و بەهاوکاریی دەزگا پەیوەندیدارەکان، چەند شەقام و ناوەندێك لە شارە گەورەکانی هەرێمدا تەنیا بۆ پیادە تەرخان بکەن.